"رۆمان"

# له ئۆكتۆبەردا كوژرام

نیهاد جامی

# چۆن شانۆنامەیەک بنووسم؟

هەندێکجار بێ ئەوەی بەخۆت بزانیت ڕووداوێک بەسە تەواوی جولەی ژیانت بەرەو ئاراستەیەکیتر بگۆڕێت.. مەرگی ئازیزێک وەستانی بیرکردنەوەو ڕامانە لە درۆیەک کە ئێوارەی پێشوو سەرکردەیەکی سیاسی لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی وتویەتی، ئەوە کوشتنی مۆسیقا و بێدەنگ کردنیەتی.

کەوتنی ئەو دەمامکەیە بەدرێژایی مێژووی ئێمە سیاسیەکان ناویان ناوە ئەخلاقی سیاسی.. ڕشانەوەیە کە چۆن ئەو دەمەی لە شاخ بوونە توانیومانە سەردانی ئەو درۆزنانە بکەین، خواردن و کولیچەو جل و بەرگ و خەونەکانی ناو شاریان بۆ بگێڕینەوە، کە چۆن سوپای دۆڕاو لە هەواڵێکتان ترساوە، قسەکردنە لەوەی ماڵەکانمان پڕ کردووە لە بەرنامەکانی ڕادیۆکەی شۆڕش.. تا ڕادەی ئەوەی کاسێتی بەتاڵمان دەستنەکەوتووە لەسەر کاسێتی ئوم کەلسوم و بێژەنی کامکار بەرنامەکانی ڕادیۆی شۆڕشمان لەسەری تۆمار کردووە.

ئەو دەمە کە مناڵێکی هەرزەی سەرەتای تەمەنیت و شاگەشکە دەبیت ئەو پیاوە ئەفسانەییانە دەبینیت، خەون دەبینیت خێرا گەورە بیت، وەک ئەوان ببیتە بەشێک لەناو شۆڕش.. ئێستا

دڵشادی کە تەمەن بواری نەدایت بەشداری لەگەڵ ئەوانە بکەیت.. کە هێشتا میراتی باوک بەش نەکرابوو کوڕەکان شەڕیان لەسەر دۆڕاندنی خەونی ئێمە دەکرد، خەڵکی.. ئۆکتۆبەر وەک مانگی قارەمانی خۆی دەبینێت، بۆ ئێمەی کەرکوکی ئۆکتۆبەر ڕۆژی دلشکان و شکست و فرۆشتنی شارەکەمان بوو بەدەستی کوڕەکانی شۆڕش خۆیان.

ئێمە لەو ڕۆژە نەماندەویست بڕوا بە کەوتن بکەین خەونمان هەبوو من و کلارای خوشکم پلانی سەفەرمان هەبوو بۆ ناوچەیەکی کوردستان ئەو کۆڕی سیاسی هەبوو، کەچی ئێستا کەیادی ئەو ڕۆژانەم دێتەوە چیتر من هاولاتیەکی ناو وڵات نیم و لەشوێنێک دوور کە پێشتر بیرم لێی نەکردبووەوە تیای دەژیم، کلاراش ئیتر لەو دنیایە نەماوە، کاتێک گوێبیستی کاسێتە تۆمارکراوەکەی ببن کەچۆن لەخەونی کۆمۆنیستێکەوە دەبێتە مرۆڤێکی قوربانی و بەگژ ژیان دەچێتەوەو باوەش بە مەرگ دەکات.

هێشتا خەریکی نووسینی شانۆنامەیەکی کورتی یەکپەردەییم لەبارەی ئۆکتۆبەرو ئەوەی لەکەرکوک ڕوویدا.. کەچی نابم بە شانۆنوسە ناسراوەکان تاوەک ئەوان بتوانم شانۆنامەیەکی ئاست بەرزی وای بۆ بنووسم، تا کورد هەبێت لەسەر ئەم زەویە ئەوانەی پێ ڕسوا بکرێت کە چۆن منداڵە حەرامزادەکان خەونەکان دەخنکێنن.. بیر لە شانۆنامەی ئەلیکترا دەکەمەوە تاوێک شانۆگەری مارا- صاد دەموەستێنێت.. خانمە ئەکتەرێکی

هاورێم دەیوت گەر ئێمە نوسەرێکی وەک برێشت مان هەبوایە لەشێوەی دایکە ئازاکە کەرکوکی بۆ دەکردینە شانۆگەری.

زۆربەی کات ڕووداوەکان نایەڵن بچمەوە سەر شانۆگەریەکە.. خۆشم تا ئێستا چەندین لاپەڕەم نووسیوەو دڕاندووە دەمەوێت کارێک بێت تەریق بوونەوە بخولقێنێت.. ئەوسا بۆ کوڕە شانۆکارە ئەکتەرەکانم کە لەکەرکوک جێمهێشتوون بۆیانی بنێرم و کاری تیا بکەن، بەڵام ئەوە شتێکە هێشتا نازانم مەرگی کلارا و بێ شوناسی خۆم و یادەوەری ئازارەکانی ڕاکردن لەنیشتیمان، ئەو هەموو ناخۆشیەی بینیم دەرفەتی ئەوەم دەدەن شانۆگەریەکە تەواو بکەم، هەر چۆنێک بێت دەزانم نووسین بۆ من هەوڵێکە بۆ ئەوەی بیر لەخۆکوشتن نەکەمەوە.

جیاوازی من و خوشکەکەم لەم خاڵە دەرکەوت: ئەو دەینوسی و خۆکوشتنیشی وەک بەشێک لەنووسین بۆ بوونی خۆی تەواو کرد، ڕەنگە بڕوای وابووبێت خۆکوشتن جوانترین نووسینە، کەچی بۆ من نووسین هەوڵێکە بۆ دوورکەوتنەوە لە خۆکوشتن. ئێستا پرسیارێک کە ڕووبەرووی خۆمی دەکەمەوە ئەوەیە "چۆن شانۆنامەیەک بنووسم؟" کاتێک ئەو پرسیارە ئاراستەی خۆم دەکەم دەزانم دەبێت بگەڕێمەوە یادەوەری خیانەتی شۆرش و خۆکوشتنی خوشکەکەم، خۆم داببڕم لە ئێستایەک کە ئەو ڕووداوانە چۆن منیان هێنایە ئەوروپا، ڕەنگ بوو گەر بیرم لەنووسینی ڕۆمانێک بکردبایەوە کارەکە زۆر ئاسانتر بایە، بەڵام لەشانۆدا مرۆڤە کاغەزەکان لەڕێگەی

ئەکتەرەوە گیانیان دەکرێتە بەرو دەبنە مرۆڤی ڕاستەقینە، بەو شێوەیەش ژیانێک دەخولقێنیتەوە.

بۆیە دەبێت شانۆنامەکە لەئاستی گەورەیی رووداو و چۆنیەتی خوڵقاندنەوەی کارەساتەکان بێت، هەر هێندەی بیر لەنووسینی دەکەمەوە رۆژانی کەمپ و ناخۆشیەکانی ئێرەو کێشەی سۆسیال و وەرگرتنی خانوو هەمووی بەیەکەوە دەکەوێتەوە بیرم، لەکاتێکدا پێویستم بەلەیادکردنی هەموو ئەوانە هەیە و خەیاڵم ڕەحەت بکەم تا بتوانم ژیانێکی نوێ لەڕێی شانۆوە بنووسمەوە.

# نامەیەک بۆ دایکم

هێشتا فرۆکەکە لەئاسمانەوە نەنیشتبۆوە سەر زەوی، شەقام و خانوەکان لەجامی فرۆکەوە گەشتی تەواوی وڵاتێکی نوێی پێدەکردم.. بیرۆکەی "کام خانوو دەبێتە ماڵی من" هەراسانی کردم پەساپۆرتەکەم بەدەستەوە بوو، بۆ ئەوەی لەکاتی دابەزین مۆری هاتنە ژورەوەی لێبدرێت.

چاوم دەچێتە سەر فیزەکە بۆم هەیە بیست رۆژ لێرە بمێنمەوە، سەرکێشیەک دایگرتم، تا بەر لەکۆتایی تەواوبوون خۆم کرد بەدایرەی سۆسیال و وتم "هاتوم خۆم تەسلیمی ئێوە بکەم و چیتر ناچمەوە وڵاتەکەی خۆم" ئەوانە وێنەی ئەو ماوەیەن لەناو شەمەندەفەر وەک کورتە فیلمێک بەبەرچاوم ڕەت دەبن، بەدوای

بڕینـــی ڕێگـــا بەدوو شـــەمەندەفەر ســـواری تەکســـیەک دەبـــم، بـــۆ پـــێش کەمـــپەکە دەچـــم و لەوێـــش تەســـلیمی دەســـت کـــابرای فارســـی خاوەن پاسەکەم دەکەن.

ئەویـــش بە عەرەبیەکـــی تێکشـــکاوی فارســـی قســـەم لەگەل دەکـــات و دەمبـــات بـــۆ ژوورێـــک تـــا کـــارتی تۆمـــارکردنم بـــۆ دروســـت بکـــات، ژمـــارەی بالەخـــانەو دەرگـــای ژورو نـــاوی ســـیانی و بەبـــێ ویســـتی خۆشـــم دەمکـــات بە عێراقـــی، ئیـــدی تێـــدەگەم بـــۆ زیـــرەک عەبـــدوللای هـــاوڕێم دەیەوێـــت کـــورد دەولەتـــی هەبێـــت، بـــۆیە کەمـــن لەهـــیچ هەڵبژاردنێـــک دەنگـــم نەداوەو تەنـــانەت گـــاڵتەم بە ڕیفرانـــدۆمیش هـــات چـــونکە دەمزانـــی تەنیـــا گەمەی خۆپـــاکژکردنەوەیە لەگرێـــی سیاســـی و فریـــودانی چینـــی خـــوارەوەی کۆمەلگـــایە، کەچـــی زیـــرەک بەدلخۆشیەوە بیری لەو دەوڵەتە خەیالیە دەکردەوە.

هەرچەنـــدە دەمزانـــی ســـەرەنجام سیاســـیەکان تووشـــی نائومێـــدی دەکەن، ئێســـتا ئەو کەمـــپە وادەکـــات نائومێـــدیەکانی نەگـــۆرم بە گلەیـــی کـــردن لێـــی، هەرچەنـــدە مـــن گلەیـــم لەو نەبـــوو، چـــونکە لە ئۆکراینـــا تێگەیشـــتبوم دەیەوێـــت ئـــالایەکی هەبێـــت لەژێـــری بوەســـتێت... کـــابرا ســـواری پاســـەکەم دەکـــاتەوە تـــا بەردەم بالەخـــانەی ژمـــارە 44 ناوەســـتێت خـــۆم لەبەردەم ژوری ژمـــارە b8 دا دەبیـــنمەوە، ترســـێک یـــان شـــادیەک ترســـەکە دەلێـــت "ئاغـــای فـــارس تکـــایە دەرگـــاکە مەکەوە" شادیشـــم پـــێم دەلێـــت "ئاغـــا چـــی بـــوو ئەو دەرگایە هەر نەکرایەوە"

ململانێـــی ئەو هەســـتە بەدەســـتی کـــابرای ئێرانـــی کۆتـــایی دێـــت کاتێـــک بەهەمـــوو هێـــزیەوە دەســـت بەکیلـــۆنی دەرگـــاکە دەنێـــت تـــا

دەرگاکە بکاتەوە، دواتر ئەو جۆری دەرگا کردنەوەیە دەبێتە نەریتی رۆژانەمان.

دەرگاکە دەکرێتەوە خۆم لەژورێکدا دەبینمەوە سەرەتا نازانم چەند کەس و چەند پێخەفی لێیە، ئەوەی دوای ئاغای فارس کەوتوم ئەو بۆنە تیژەیە کە گۆرەوی و دوکەڵی جگەرە بۆ ژورەکە درووستی کردووە، کەچی ئاغا دەیەوێت بەوانم بناسێنێت.

هەرچۆنێک بێت من خۆم لەبەردەم دوو گەنجی سودانیدا دەبینمەوە، یەکێکیان بە عەرەبی قسە دەکات کە زۆربەی کات و قسەکردنم لەبارەی ئیسلام وباشوری سودان و کوردستان و گەڕان بەدوای هەندێک لێکچونی کولتورییەکانمانە.. لەگەل ئەوە ئەویتریش کە جگە لە ئینگلیزی هیچ نالێت ئەوەش وا دەکات وەک دوو نامۆ لێرە لەگەل یەک بمێنینەوە.. چاوەکانم بەبۆنی گۆرەویەکان رادێن نیگام دەچێتە سەر دەستشۆرێک، لەولاتریش دوو پەنجەرەی بچکۆلە کە باران تەڕی کردوون.. ئەوانە تاکە جوانی ژوورەکەن، ئەو قەرەوێلەی وەک ئێستا لەسەری دانیشتوم کە بۆتە ماڵە کاتیەکەی من لەسەری قەرەوێلەیەکی تریش هەیە، بەلام کەسی لەسەر نیە.

لەبەرامبەرم سودانی ئینگلیزەکەش لەمالەکەی خۆی دانیشتوەو بالەخانە قەرەوێلەکەی سەری ئەویش هەمان شێوەیە مالی سودانیە عەرەبەکەش کە قسە دەکەین هەر هەمان شتە، لەلای دەستە راستم لەوە دەچێت سەرەو خوارەوە هی خەلکی تر

بێت، تا لەپر کەسێکی تورە خۆی دەکات بە ژورەوە.. دوای تاوێک کورتە بالاکەی هاورێشی دێتە ژوورەوە.

ئەوان لەگەل کەس نادوێن سلاویش ناکەن دەلێی کوڕی ئەتاتورکن، پێیان وایە شەڕی خاکیان لەگەڵ دەکەین.. لە دوو شەو زیاتر ئەو دۆخەیان پێ قبول ناکرێت، خۆیان ژورەکە جێدێلن و دەچنە ژوورەکەی ئەوسەر لای هاورێکانیان تا بەرەبەیان خەریکی خواردنەوەو دۆمینە کردنن، خۆ دەبوو هەر زوو بزانم ئەوانە تورکن.

بەدوای ڕۆیشتنی دوو تورکەکە ئێوارەیەکیان چوار میوانی نوێ خرانە ژوورەکەمانەوە.. چوار کەس سودانیەکان لەزمانیان حاڵی نەدەبوون، ئەوانیش بەهەمان شێوە، من تاکە کەسێک بووم کە دەبوو لەیەکتریان حاڵی بکەم، بەهۆی ئەو کەمە ڕووسیەی خۆم فێرکردبوو، دەمتوانی تێیان بگەم و تا ڕادەیەک قسەیان لەگەڵ بکەم.. ئەوان لەگەڵ سودانیەکان هەستیان بە ئارامی نەدەکرد.. هۆکارەکەشیان تەنیا کێشەی پێست ڕەشی بوو.. چونکە لە بنەڕەتدا نەگفتوگۆ لەنێوانیان هەبوو نە کێشەی ژووریان هەبوو لەگیان، بەڵام ئەفریقیە پێست ڕەشەکان بەڕاستی کێشەی ئەخلاقیان هەبوو لەگەلیان.

لەلایەک بەهۆی ئەوەی ئەوان نوێژیان دەکرد لەژوورەکە، ئەوە خاڵی خۆ جیاکردنەوەیان بوو کەچی ڕووسەکان بەپێچەوانەی ئەوان حەشیش کێش بوون، لەڕێی جگەرەوە دەیانکێشاو پەنجەرەکانیان دەکردەوە، ئەو کاتەی ئەوانیش پەنجەرەکانیان دادەخست سوودانیەکان پەنجەرەکانیان دەکردەوە، چونکە

یەکێک لەو چوار ڕووسە کە لەبنەڕەتدا ڕووس نەبوو، بەڵکو پیاوێکی بەتەمەنی سڕبی بوو ئەو حەشیش کێش نەبوو، بەڵام وەک ڕۆتینی ژیان کە تڕی دەکرد دەنگی ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیی.

ناچار ئەو ئەفریقیانە دەبوو خێرا پەنجەرە بکەنەوە، منیش هیچم بۆ نەدەمایەوە جگە لەوەی بەهەموو دەنگم پێبکەنم، ئیدی ڕۆژەکانم لەنێوان حەشیش کێشەکان و تڕ لێدان دابەشکردبوو.

ئاماژەیەک نیە بۆ هاتنی بەیانی کەچی کاتژمێرەکە لەسەر شەش و نیوە ئەوە یەکەم بەیانی منە لەم کەمپە هێشتا دنیا تاریکە ڕۆشن نەبۆتەوە، ئێمە نانی بەیانیمان تەواو کردوە پارچە سەمونێکی تەنک وکەوچکێک مرەبای ناو قاپێکی سەفەری و نەستەلەیەک بەهەمان شێوەو کوپێک قاوەی گەرم.

ئێستا لەگەل ئەو دوو کورە سودانیەی ژورەکەمان دەچین بۆ وەرگرتنی کارتی کەمپ.. سێ سەعاتێک زیاتر لەسەر کورسیەک دادەنیشم ئەوسا ژنە ئەلمانێک دەلێت "دوامەکەوە" کەسمان یەک وشە لەیەکتر تێناگەین کەچی بریارە ئەو هەموو شتێک لەبارەی ژیانی من بزانێت.. دوای سەعاتێک قسەکردن و بە ئاماژەی دەست دەمکاتە خاوەنی کارتی کەمپ کە هەموو کارەکانم بەو کارتە مەیسەر دەبێت ئیتر وەک ناسنامەی چوونم بۆ ژورەکان و تەنانەت نانخواردنیشم هەر بەو کارتە دەبێت.. ڕۆژی دواتر دەبردرێمە ژوورێکەوە یا ڕاستر بڵێم خۆم بۆی دەچم.

لەوێ هەندێک پرسیاری گشتی لەبارەی بوون وهاتنم و پەساپۆرت و شتی گشتی پرسیارم لێکرا، دواتر بەرەو نەخۆشخانە رۆیشتم دوای سێ سەعات چاوەروانی لەنێوان مرۆڤی کولتور جیاوازو قیژەی منالان لەیاریکردن بە میکانۆو شەرکردنیان لەگەل یەکتری و خێرا ئاشت بونەوەیان، کە تەواو پێچەوانەی گەورەکان بوو دوای ئەوەی کەسی لێ نەما تەنیا من و پیاوێک و منالێکی فارس ئیدی برین پێچەکە داوای لێکردم بلوزەکەم دابکەنم، سێ دەرزی چەقاندە مەچەکم، دوای ئەوە چومە ژوری تیشک و کچە ئەلمانیەکی قژ کورت داوای کرد جلەکانی سەرەوەم فرێ بدەم.

گەر لەکوردستان بومایە تەنها لەشفرۆشەکان لەژووری نووستن دەلێن "دەی خۆت ڕووتکەوە خۆ بە جلەوە نایکەیت" بەدەم نیمچە شەرمێکەوە خۆم روتکردەوە پەنجەکانی بەر توکی پشتم دەکەوت، کاتێک دەیویست ئامبازی ئامێری تیشکەکە بم.. وام کرد و تیشکی سینگمی گرت و سەرەنجام بومە خاوەنی دەفتەرێکی زەرد کە کارتی پزیشکیە.. ئیدی لەنێوانی ژوورەکان شەو ورۆژ تەواو دەبێت، ئەم بەیانیە بەقوڵی بیری تۆم دەکرد دایە.. زۆرساردو سڕ بوو ئەو سفرەیەی نان خواردن هۆڵێک لە مرۆڤ نانی تیا دەخوارد، ئەوان بریتی بوون لەمرۆڤی کورد و سودانی و ئێرانی و پاکستانی وسوری و ڕوسی.. وای دایکە, بەڵام گەرمی سفرەی ڕۆژانی تۆیان نەبوو، چومە دەرەوەی هۆڵەکە و تێر بۆ سفرەی بەیانیانی تۆ گریام بۆ پاکیزەیی و ڕۆژانێک کە خۆت کردوە بە ژورەکەم.. داخۆ هیچ ناخۆم

شـــەوان دەهـــاتیە ژورەوە نوێنـــت بەســـەردا دەدام نەوەکـــو ســـەرمام بێت.

ئێســـتا کەس بەلای پـــێخەفەکەم نـــایەت، کەچـــی رۆحـــم ســـەرمایەتی، ئەو هەمـــوو ســـاڵە لەســـەرمای جەســـتە پاراســـتمت ئێســـتا نەک هەر جەســـتەم تەزیـــووە رۆحـــم زوقمـــی لەســـەر نیشـــتووە کەچـــی کەس هەســـتی پێناکـــات.. هەر هێنـــدەی شـــەو تاریـــک و کـــاتژمێرەکە ئامـــاژەی بەیـــانی دەدات وەک ئـــامێری کارگەکـــانی ئێـــرە هەموومـــان رادەبین و هەڵدەستینەوە.

لەبەر نـــمە بـــارانی ئەو کەمـــپە تێـــدەپەرم و خۆشـــم نـــازانم هەنگاوەکـــان چـــیم بیـــر دەخەنەوە، دەلـــێم گەر کچـــێکم هەبـــوایە بیوتبـــا "بـــابە بەدرێژایـــی ئەمـــرۆ ئـــاوم نەخـــواردوە ئـــاوم دەوێ" ئامـــادەبوم گـــورچیلەیەکم بـــۆی بفرۆشـــتبا بمـــدابا بە بەرداخێـــک ئـــاو، کەچـــی ئەمـــرۆ بـــۆ پێـــنجەم رۆژ دەچێـــت ئـــاو نەچـــۆتە دەمـــی مـــن جـــگە لە قـــاوەو چـــای هـــیچ شـــتێکیتر لێـــرە نـــیە، کەچـــی ئێســـتا هێنـــدەی کـــچە خەیـــاڵیەکەم حەزم چـــۆتە ئـــاو و زۆر تینـــومە، بەلام لەکـــوێ گەر لەدەرەوەی ئەم کەمـــپە کە دەبێـــت دوو ســـەعات زیـــاتر بەپـــێ بـــرۆم کەچـــی رێگـــاکەش شـــارەزا نـــیم و چـــاوەروانم کەســـێک رێگـــاکە بزانێت, لەگەلی بچم دەبە ئاوێک بکرم.

دەزانـــی دایـــکە ئەمـــرۆ هـــیچ نـــاکەم رەنـــگە رۆژانـــی داهـــاتووش وابێـــت، کـــاتی نـــان خـــواردن بـــرۆم نـــان بخـــۆم و چـــاوەروانی یەکەم دانیشـــتنی دادگـــام.. جـــاریٚ کـــاتم بـــۆ دیـــاری نەکـــراوە، نـــازانم کەی دیـــاری دەکرێـــت.. گەرچـــی بیـــرۆکەی درانـــدنی ئەو نـــامەیە بەمێشـــکمدا دێـــت، چـــونکە دەزانـــم دایـــکە تـــۆ خوێنەواریـــت نـــیە، خـــۆ

بەوە نییە بروانامەی نەهێشتنی نەخوێندەواریت وەرگرتووە، لەبەرخۆمەوە دەڵێم ئەو پێش ئەوەی بچێتە ئەوێش باوکم فێری کردبوو ناوی سیانی خۆی بنوسێت کە بروانامەکەشی وەرگرت لەوە زیاتر فێر نەببوو.

راستیت دەوێت باوکم بۆ خۆی قوتابخانەیەکی تایبەت بوو، بەلام لەزەمەنێک کە زەمەنی خۆی نەبوو، دەی خۆ ئەمسال دوانزە ساڵە باوکم نەماوە تا ئەو نامەیە بۆدایکم بخوێنێتەوە، دلنیام برازاکانیشم لەبەر فەیس بوک فریای خوێندنەوەی نامەکە ناکەون.. بیرم لەدڕاندنی کردەوە لەپڕ بیرێک داگیری کردم پێویستە کاتێک ئەو نامەیە بنێرم من ئەو کەمپەم جێهێشتبێت، ئەو کات لە بەرلین دیاریەک بۆ سۆمای برازام دەکرم و لەگەل نامەکە پۆستی دەکەم، تا وەک پاداشتی دیاریەکە ناچار بێت نامەکە بۆ دایکم بخوێنێتەوە.

تا ئەو کاتیش چارەنوسی من یەکلا دەبێتەوە، خۆ گەر دیپۆرتیش کرامەوە شەوێک پێی دەلێم "چیرۆکێکم بۆت نوسیوە، بەلام بەیانی دۆلمەیەکی چەورم بۆ بکە تا تۆ دۆڵمەکەت دەکولێت منیش ئەو نووسینە نوێیەمت بۆ دەخوێنمەوە، خۆشم نازانم نامەیە یان چیرۆک" بەدەم ئەو خەیاڵەوە دەمەوێت بخەوم ئاخر هەر خۆم بەخۆم دەلێم "جاران تا پێنجی بەیانی نەدەخەوتی، خێرە لێرە لە نۆی شەو دەکەویە پرخە پرخ دەلێی مزەخەی ڕووسی"

تۆ دەزانی دەمەوێت تەواو هەست بەتەنیایی بکەم خۆم ڕووت بکەمەوە لە دنیا، کە ئەودیوی رۆحی خۆم لێ دیار بێت، ئەو

کچەی چەند مانگێک پێش ئێستا وتم جوانترین کچی دنیایە دەمەوێت ژیانی هاوسەری لەگەڵی پێک بێنم، ئەوە پێنج رۆژە نامەیەکم بۆ نووسیوە و کەچی دەمەوێت هەرگیز بۆی نەنێرم، رەنگە ناوەرۆکی نامەکە لێرە بۆتۆ بنوسمەوەو ئیتر حەزی ناردنیم نەمێنێت تا هەلچوونەکەم دابمرکێتەوە من بۆم نووسیبوو

"نامەیەک بۆ یار : من ئێستا رۆژگارێکی خراپ دەژیم، بەلام خەمبار نیم، چونکە دلنیابوم کەئیتر تۆ خۆشت ناوێم، دەبوو کاتێک لەناو ولات بووم پێت وتم مەگەرێوە هەر ئەو کات بمزانیبا تۆ منت بۆ گرنگ نیە بۆیە لەکۆل خۆتم دەکەیەوە.

کێشەیەک نیە, بەلام دلنیابە پەشیمان نیم لەهیچ شتێک کەبۆتم نوسیووە، چونکە راستگۆ بومە لەگەل هەستی خۆم تۆش ئازادی ئیتر چۆن بیر دەکەیەوە، منیش لێرە رۆژەکانی خۆم بەدەم چارەنوس دەژمێرم کەئاخۆ لەوە خراپتر دەبم یان دەرگایەکم لێ دەکرێتەوە بۆ ئومێد.. هیوادارم لەژیانتدا بەختەوەر بیت مالئاوا بۆ هەتا هەتایە"

من هەست دەکەم بیانوی پێدەگرم ئەو مەبەستی ئەوە نەبوو، بەلکو دەیویست سالی داهاتوو ئەویش بێت و لەوێ پێکەوە بژین، بۆیە ئیتر نامەکەم لێرە بۆ تۆ نووسی و دلنیابە بۆ ئەوم نەناردو ناشی نێرم، بەلام دەبوو بینووسم تا هەلچوونەکەم دابمرکێتەوە، ئاخر بۆ من گەر بەزاندنی سنوری دایک و کوڕێتی نەبێت دەبێت پێت بلێم:

نووسین و سێکس دوو وزەی شاراوەی مرۆڤن لەناو خود پارێزگاریان لێدەکرێت.. لەهەر ساتەوەختێکدا دەشێت بتەقنەوەو تێکستی نوێ بێننە دی.

گەر نووسسین لەدایک بوونی تێکست بێت بەو مانایەی کە چێژی لەدایک بوون دێنێتە دی، ئەو حالەتە هەمان وزەی هەلگیراوی سێکسە لەساتی ئەنجامدانی چێژی شەیدابوون.. و خەیاڵە فانتازیاکانی شاراوەی خود دەبنە وێنەی بینراوی پەیوەندی خود بە جەستەی ئەویترو کە نووسینەوەی خەیالەکان و خولقاندنی چێژی لەدایکبوونە.

هەر کاتێک ئەو نامەیەت بۆ دەخوێنرێتەوە دەزانم بەدەم پێکەنینەوە دەڵێی "کوا منداڵ وەرن بزانن کەستان لەو قسە قۆڕو شێتانەی مامتان تێدەگەن، بۆمی باس بکەن دەیەوێت بڵێت چی" لێم مەگرە بیزاری وتەنیابوون لەژوورێک هەر ئەو قسانە بەمرۆڤ دەکات کە من دەیکەم.. ئاخر زۆر شتی سەیر دەبینیت هی ئەوە نیە بۆ تۆ باسبکرێت، چونکە توانای باوەرکردنت نیە بەو قسانە، دەمەوێت نامەکە بگەیەنمە کۆتایی، چونکە ئەوەی دوێنێ پێموترا گوایە لەم رۆژانە دادگایی دەکرێم، بابەتێکە دورە لە ڕاستیەوە، ئەم بەیانیە خۆم بەژووری گلەیی پەنابەرانکرد وەرگێرە عەرەبەکە ئاگاداری کردمەوە کەوا زوو دادگایی ناکرێم، تەنها دەبێت مانگێکیتر لێرە بەرمە سەرو هەندێک پارەم پێدەدەن و پلیتێکی شەمەندەفەرم بۆ دەبرن وڕەوانەی سۆسیالم دەکەنەوە.. تا کاتی دەست نیشان کردنی دادگاکەم، بۆیە تا ئەو

مانگە تەواو دەبێت کاتەکانم بە خەوتن وخواردن و سەیرکردنی ئەنتەرنێت دەبەمە سەر.

ئەو نامەیەش بە ماسنجەری فەیس بوک دەنێرم، بەڵام با سۆما بۆت بخوێنێتەوە، بەڵێن بێت هەر هێندەی ئیقامەم بۆ دەرچوو دیاریەکی جوان بۆ سۆما پۆست بکەم و بینێرمەوە

## خۆکوشتنی کلارا لە کاسێتێکی تۆمار کراودا:

"رەنگە ئەو کاسێتە تۆمارکراوەی دەگات بەدەستی ئێوەو دەنگەکەم بگوازنەوە ناو مۆبایلەکانتان تا بە وێنەی ڕوداوەکانی کەرکوک مۆنتاژی بۆ بکەن و لەلاپەرەی فەیس بوکەکانتان بڵاوی بکەنەوە، کارێک کە قەت خۆم نەمکرد"

کلارا ئەوەی لەسەر کاغەزێکی سەر قەنەفە قاوەییە کاڵەکە داناوە، دەنگی فیشەگی ناو ژورەکەی زەنگی دوانزەی شەوی لێدەدا، کاتێک لەژوری کتێبخانەکەم خەریکی خوێندنەوەی پێشەکیەکەی ئاڵتۆسێر بووم کە وەک پێشەکی بۆ کتێبی سەرمایەی مارکس بڵاو کراوەتەوە. قاچەکانم پەیژەکانی کتێبخانەکەی بەسێ هەنگاو تەواوکرد.

ئەو دەمانچەکە بەدەستیەوە ووشک بوو, ریکۆردەرەکەش هێشتا لەخولانەوەو دواهەمین هەناسەو دلۆپە خوێنەکانی ریکۆرد دەکرد. ئەو دەمە گریانی دایکم و قیژەی براژن و کچەکانی تێکەڵی ئەو تابلۆ خوێناویە دەبوون.

ئێستا دوو مانگ بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەڕیوە.. شەست ڕۆژی تەواوە من خوشکەکەم لەدەستداوە، کەچی بۆنی ئەو هێشتا لەدیوارەکان دێت.. سێبەرەکەی لەژێر درەختی باخچەکە دانیشتووە، دەستەکانی ئینجانی گوڵەکان ڕێکدەخات.. ئەو دەمانەی لەودیو پەنجەرەکەوە دەڕوانمە هەیوانەکە، باڵندەکانی دەبینم چەند خەمبارانە هەر دەڵێی جریوەو خوێندنی گۆرانیەکانیان بیر چۆتەوە.

تاوێک بەدوای دەنگەکەی دەگەڕێم و نایدۆزمەوە.. دەزانم تاکە شتێک کە ئەو بگەڕێنێتەوە ناو ژیان، ئەو کاسێتە تۆمار کراوەیە کە بەر لەخۆکوشتنەکەی لەسەر کاسێت تۆماری کردووە، نەک وەک تۆمارێکی ئەو ڕۆژانەی پێشوو، بەڵکو دەنگی فیشەگەکە، ساتەکانی مردنیشی تیا پاراستووە، کەچی هێشتا بوێری ئەوەم تیا نیە گوێی لێبگرم.

پەنجەرەکە دەکەمەوە تا لەگەڵ گوڵەکانی باخچە و باڵندەکانی پێکەوە گوێ لەدەنگی بگرین، دەست دەبەم بۆ ریکۆردەرەکە، دەنگی کلارا هەموو گیانم دەخاتە دۆخێکی ناسرووشتیەوە ئەو دەمەی دەڵێت "نیتچە دەڵێت مرۆڤ چۆن بەویستی خۆی نایەتە دنیا ئاواش بەویستی خۆی نامرێت، کەچی من بەویستی دایکم هاتمە دنیا بەویستی خۆشم دەمرم، بۆچی بەویستی دایکم؟

ئەو دەمەی شۆرشی مەلا مستەفا لەناو شارەکان کۆتایی دێت، هەموو بەرەو سنوری ئێران ڕادەکەن و سەرکردایەتیەکەی تا ڕووسیا ناگیرسێنەوە، ئەو ماتەمە ئێوارەیەک دایکم وەک بۆی گێڕاومەتەوە کراسە نیلیە تۆخەکەی فرێدەدات کە وەک شکست

بــۆ شــۆڕش لەبەری کردبــوو، ئەو ئێــوارەیە کراســە ســپیە گوڵــدارە ســـورەکە لەبەر دەکـــات.. کە ســـاڵێک پێشـــتر لەئـــاهەنگەکەی گونـــدی حەسار لەبەری کردبوو.

ئەو دەمەی شـــار هەمـــوو لەو شـــەوەدا لەو ئـــاهەنگە کۆبـــوونەوەو منـــاڵێکیش کرابـــووە وتـــارخوێنی ئـــاهەنگەکە کەئەمـــڕۆ گەورەبـــووەو لە تەلەفزیـــــۆن وشـــــانۆکان وەک ئەکتەرێـــــک دەیبینـــــین.. هەر لەو ســـاتەوە تـــا ئەمـــڕۆ ئەو خـــانمە کە نـــاوی خوشـــکە گەزیـــزەیە بـــۆتە خۆشەویستی هەمووماڵەکانمان"

قســـەکان ڕادەگـــرم بـــۆ تاوێـــک دەوەســـتم، دەمەوێـــت بـــزانم کەی و لەکـــوێ دایکـــم ئەو قســـانەی بـــۆ کـــلارا کـــردووە.. هـــیچ شـــتێکی وام بیرنـــــایەتەوە، بیـــــر لەو قســـــانەی ســـــەرەتای دەکەمەوە، ئەو گەر نەمردبـــایە یـــا ڕاســـتر بلـــێم خـــۆی نەکوشـــتبا دەبـــوو دوو هەفـــتە دواتـــر بڕۆیشـــتبا بـــۆ گـــوێزەڵە، تـــا بەشـــداری ســـیمینارێک بکـــات لەبـــارەی شۆڕشـــی ئۆکتـــۆبەر کە کـــۆمەڵەی مارکســـی ئەو گـــروپە چەپخوازەی ئێران بۆی ساز دەکرد.

بـــۆیە ســـەیرە لەســـاتی بەر لەخۆکوشـــتنەکەی هێنـــدەی بەگـــژ نیـــتچە دا دەچێـــتەوە، هێنـــدە بیـــر لە مـــارکس ناکـــاتەوە. "ئەو شـــەوە دایکـــم بە بـــۆنی گەردەن بـــاوە مەســـت دەکـــات، بـــاوکمیش ســـەرەتا خـــۆی پێـــوە دەنووســـێنێت ودەڕوانێـــتە جـــوتە مەمکـــی نـــاو ســـوخمەی کراســـی کـــوردی و کەمێـــک یاریـــان پـــێ دەکـــات.. دایکـــم بەو شـــێوەیە نەیگێـــڕایەوە، بەلام خەیـــاڵی مـــن ســـاتەکانی بەر لەخەڵـــق بـــوونمی خستە پێش نیگام"

خوشکە ئازیزەکەی من ئەوە چ فانتازیایەکە بۆ لەدایکبوون "نازانم کێ منی ناونا کلارا، بەلام کاتێک خۆم لەرێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بینییەوە، هاورێیەکی ڕەوت چیرۆکی ناوەکەمی بۆ گێڕایەوە، کلارا ژنە خەباتگێرێک بوو نامەی بۆ لینین نوسی بوو لەکۆمەک کردنیان بۆ خەباتی ژنان "

ئەو دەیویست وەک کلارا ببێتە ڕێبەرێک بۆ ژنان کەچی شۆرشگێریتیان تیا کوشت وکردیان بە کەسێکی بێ ئیرادە.. خەریکە ئەو ڕوداوە دەمخنکێنێت. لەلایەک مەرگی کلارا و لەلایەک ئەوانەی پێش هێزە بیابان نشینەکان کەوتبوون تا شارەکەمان بەچەند بۆریە نەوتێک بفرۆشن, نازانم ئێستا ئەوان شەوانە چۆن سەر دەخەنە سەر سەرینەکانیان کاتێک پارەی نەوتی ناپاکی ڕژانی خوێنی خوشکەکەی منە.

توانای قسەکردنم نامێنێت.. ناشتوانم دەستبەرداری کاسێتەکە ببم بە ئەسپای دوگمە شینەکە دادەگیرسێنم و گوێ دەگرمەوە لەدواهەمین تۆماری کچە کەرکوکیە مردووەکە.

"من کلاراکەی ناو ڕەوت بووم، کچە بوێرەکە بووم کەچی ئێستا ترسنۆکێک کەخۆی دەکوژێت" ئەو رۆژە کەشار خرۆشاو هێزە فشۆلەکان ڕایاندەکرد, دەیانویست لە میدیاکان ڕاکردنیان وەک سەرکەوتن وێنا بکەن، کلارا بەدەم پێکەنینەوە دەیووت "پیاوی جوانمان دۆزیوەتەوە ئەو شارەمان بۆ بپارێزێت" نەمانزانی ئەوە دواهەمین پێکەنینی دەبێت لەو ماڵەدا هەموومان چاوەڕێ بووین گۆڕانکاریەک ڕوو بدات دایکم دەیووت "من

پیشمەرگە بناسم لێناگەڕێت ئەم شەو عەرەبی پێ پەتی لەم شارە ڕۆژ بکاتەوە"

کلارا دەیوت "بۆیان فرۆشتی هەدیە خان وەک ناوەکەت بۆیان کردوویت بەهەدیە بە چوار بەرمیل نەوتی ڕەش" براژن سەیری دەکردین و دەیوت "داوەشێن لەم ژیانەیان باشترە" کاکم جگەرەی دەکێشاو لەناو دوکەڵەکەی وون ببوو تەنیا وشەکانیمان دەبیست، باسی لەوە دەکرد ئیدی ئەوە دوو دنیای جیاوازە، پیاوەکانی جاران پیاوەتیان فرۆشتووە بە نەوت و نامەردی.. تا بەرەبەیان بەدەم ئەو قسانەوە کات تێپەڕی و کارەباش لەزۆربەی شوێنەکان کوژایەوە.. بۆ بەیانی ماڵی پوورم تەلەفۆنیان کردو وتیان وەرنە ئێرە با مردن و ژیانمان پێکەوە بێت.

نازانم ئەو هەستە خراپە چی بوو وتم "ئێوە بڕۆن من وکلارا دەمە و عەسر دێین هەندێک دەستنووس و کتێبەکان پاکدەکەینەوە" کاکم دەیووت "بەس تێبگەیشتبام ئەو کتێبانە پاکردنەوەیان بۆچیە" دایکم خێرا بۆی تەواو کرد "چۆن کوڕم ئەتواری باوکی ڕەحمەتیتانە بۆتان ماوەتەوە دەبێت لیرە ڕەشادیەکان پاکبکرێنەوە"

ئەو دەنگانە دەڵێی بزمارە ئێستا لە مێشکم دەچەقێت، یا ئەو مێخەکانەن کە لەدەستی عیسا درا بۆ لەخاچدانی، منی شەرمەزار هیچم نیە بیلێم دلنیام کلارا لەو کاسێتە باسی لەو ساتەش کردووە، بۆیە ریکۆردەرەکە دادەگیرسێنم و گوێ لە خوشکەکە جوانەکەم دەگرم

"ئەوان لەگەل بـــانگی نیـــوەڕۆ زۆر بەتـــوڕەیی لەدەرگایانـــدا کـــاکم دەرگـــای کـــردەوە پاڵێکیـــان پێـیەوە نـــا، گروپێکـــی پێـنج کەســـی بـــوون دوانیـــان جلـــی ســـەربازیان لەبەربـــوو دوانیتریشـــیان تراکســـوتی شـــین و قاوەییـــان لەبەر بـــوو یەکێکیشـــیان یەک پـــارچە خـــامی ســـپی لەبەرکردبـــوو وایـــدەزانی هـــاتووە غەزایەک بکـــات و بـــروات بـــۆ گۆڕســـتان.. هەمـــوو شـــوێنی ماڵەکەیـــان پشـــکنی.. کتێبەکانیـــان ســـەیر دەکـــردو فڕێیـــان دەدا ســـەر زەوی، کـــاکم داوای لێکـــردن کتێبەکـــان شـــتێکیان نەکـــردوە پاڵێکیـــان بەکـــاکمەوە نـــا، وەک ئەوەی بەدوای بیانوو بگەڕێن ئەویتر بەربووە گیانی.

دوو تراکســـوت لەبەرەکەش لەمـــن ورد دەبـــوونەوە بەبەرچـــاوی کـــاکم تراکســـوت قـــاوەییەکە دەســـتی بـــۆ ســـنگم بـــرد، کـــاکم خەریـــک بـــوو شـــێت بێـــت, ئەویـــان بەپـــاڵ هێنـــایە دەرەوەو لە حەمـــامەکە دەســـــت وقاچیـــان بەســـــتبوو، وەک ئەوەی ئەو مەڕ بێـــت ئـــاوا دەمیشـــیان بەســـتبوو، دەزانـــم کـــاکم نازانێـــت دوای ئەوە چـــی ڕوویداوە، بەلام ئەوەی مەڕ بوو ئەو نەبوو، بەڵکو من بووم.

ئەو بەرانـــانە هـــاتبوون پیـــاوەتی خۆیـــان بەســـەر مـــن تـــاقی بـــکەنەوە تـــاوای لێهـــات دوانیـــان دەهـــاتنە ژوورەوە, لەنێـــوان خۆیـــان ڕووتیـــان دەکـــردمەوە، مـــن دەمویســـت بلـــێم "یەک تـــۆز حورمەتتـــان هەبێـــت مـــن کـــلارام" بەڵام ســـەرکردەی خۆفرۆشـــم بیـــر دەهـــاتەوە، تەریـــق نـــابنەوە کلاراکەتـــان عەرەب وا ئەتکـــی دەکـــات.. دەی پیـــاو خـــۆ تـــۆ خـــۆت بە لینـــین دەزانیـــت.. نـــامەی چۆنـــت بـــۆ بنووســـم.. بـــا ئەو کاسێتە بۆ تۆ بێت تا بزانم لەخیانەتت تەریق دەبیتەوە؟

هیچ نەما ئەوان بیکەن تا سەرەنجام بلندگۆی مزگەوت بانگی ئێوارەی دەدا، ئەو کاتەی من لەنێوان هەر پێنجیان رووت کرابوومەوە.. ئەوسا رۆیشتن و منیش جلەکانم کردەوە بەرم چووم دەرگای حەمامم لە کاکم کردەوە، دڵنیام کاتێک کاکم گوێی لەو کاسێتە دەبێت تێدەگات چۆن منی ڕابەری کۆمۆنیزم خۆم کوشت، ئاخر نەدەکرا تا مردن بۆنی ئارەقەی لەشی پیاوانی بیابانم لێ بێت، بەلام کاکە لەڕووی دوەمی ئەو کاسێتە وتارێکم خوێندۆتەوە بەناوی "ئۆکتۆبەرو ماناکانی شۆرش لەنێوان کەرکوک و مۆسکۆ"

هیوادارم وەک دواهەمین وتاری من لەڕۆژنامەیەک بڵاوی بکەیتەوە" ئیدی وەک شێت پەلاماری دیوارو پەنجەرەکان دەدەم هاوار دەکەم.. دەقیژێنم.. سەرم بەدیوارەکان دەکێشم، بەڵام دەنگم ناگاتە سەرکردە خاکفرۆشەکانی ئۆکتۆبەر.

## گەڕانەوە بۆ پەیوەندیی نێوان نووسین و سێکس:

پەیوەندیەک کە سەر لەنوێ ڕێگا لەبیرکردنەوە بۆ شانۆنامەکە دەگرێت، پەیوەندی ئەو وزە شاراوەیەی نێوان نووسین و سێکسە، ئەگەر مەرگی کالارا سەرەتای خولقاندنی پەیوەندیەک بوو کە نووسین دەمرێت و سێکسکردن ئارەزوی ژیان دەگۆڕێت بە ژەهری مەرگ.

ئەوا بۆ من نووسین دوورکەوتنەوەیە لە مەرگ، بۆ ئەوەی هەمان قەدەری خوشکەکەم ڕووبەروم نەبێتەوە، دەبێت بنووسم لەبارەی ئەو هێزە شاراوەیەی جەستە، هێزێک لەگێڕانەوەکانی کلارادا ئەوەم بۆ دەردەکەوت ئەوەی پێنج بیابان نشین ئەنجامیان دەدا چێژو ئارەزوو نەبوو، بەڵکو ئازادکردنی دەروونی داخراو بوو لەساتێک هەستی دڕندەیی بەڕەڵلا دەکرێت و هەموو شتێکی چەپێنراو بەرجەستە دەکرێت.

ئەوە شتێک نییە به فرۆید شیبکرێتەوە تا بلێت پەیوەندی بە دابەشکاری هەست و نەست هەیە، ئەو هەستە عەرەبییە ڕقێک نییە لە ڕابردووی خۆی.. ڕقە لە ژیانێک وەک گورگێکی برسی ناو مێگەلە مەڕێک دەردەکەوێت، جا بیهێنیتە پیش چاوی خۆت براکانی یوسف لەبڕی ئەوەی براکەیان بخەنە بیر و بلێن گورگ خواردی.

گەر بەڕاستی یوسفیان بخستبا بەردەم پێنج گورگ چی ڕووی دەدا؟ دەی کلارا ئەوەی گێڕاوەتەوە.. ئەوەیە وا لەمن دەکات تەنانەت خەیاڵم ئازاد بکەم بۆ سێکس, ئەو وزە شاراوەیە نەخنکێنم وەک چۆن ئەو کەمپە نەیدەهێشت وزە سێکسیەکانیشمان بچەپێنین.. نەبادا کە لێرە چووینە دەرەوە پەلاماری کچانی ناو شەمەندەفەرەکان بدەین.

شەوێکیان خەریکی خوێندنەوەی کۆمەڵە چیرۆکێکی چێخەف بووم کە چێژێکی زۆری پێدەبەخشیم, کاتێک ویستم لەنێوان چیرۆکەکان پشوویەک بدەم کتێبەکەم خستە سەر قەرەوێلەکە و چوومە بەردەم ئاوێنەی دەستشۆرەکە، لەسیمای خۆم ڕوانی و

هەستم بەو مووانەی ڕیشم دەکرد کە چۆن کەمپەکە نایەلێت بە ڕەشی بمێننەوە، نازانم بۆ خێرا کەوتمە ڕیش تاشین لەولاوە عەرەبە سودانیەکە ووتی

"دەزانی لێرە زۆربەی ژنە پەناهەندەکان کوڕەکان دەبەنە حەمامەکەی ئەوسەر بە دە یۆرۆ سێکسیان لەگەڵ دەکەن"

هەفتەیەک بوو لێرە بووم هێشتا نەمدەزانی حەمامەکە لە کوێیە، کەچی ئەو وتی توالێتەکە لەوسەری هۆڵەکە نیە ئەها دەرگایەکی شووشە هەیە دەچێتە سەر باخچەکە کە دەرگاکە بکەیتەوە لەلای دەستە ڕاست لەوێ دەرگا دەکەیتەوە، حەمامەکەی خۆمان و باخەکە ئەو دەرگا شوشەیان لەنێوانە، ئەو کات دەرگا دەکەیتەوەو لەباخەکەوە بەئاسانی دێنە ژوورەو دەیبەیتە حەمامەکەوە.

ڕاستیەکەی ئەو قسانە لە نوکتە دەچوون چەند ڕۆژێکی دەویست تا تێبگەم کە چۆن لە چێشتخانە ساردو سەرەکە بازاری مامەلەکردن بە یەکتری گەرمە، ئیدی سودانی هەموو ئەوانەی پێم نیشاندەدا کە سەیربکەم چۆن مامەلە دەکەن، تا وا ڕێک کەوت وتی سەیری ئەو کورە فەلەستینیە بکە.. کابرا جامانەیەکی فەلەستینی بەسەر شانەکانی شۆڕ کردبۆوە کە گوێمان گرت لەگەل خانمێکی کورد مامەلەی دەکرد، کە دەیەوێت شەوێک پێکەوە بن.. خانمیش دەیوت هەشتا یۆرۆم دەوێت و فەلەستینیش سوور بوو لەسەر شەست یۆرۆ تا ئەوەی ئێمە ئاگامان لێ بوو ژمارەی وەتس ئاپ گۆڕدرایەوە بۆ ئەوەی دواتر گفتوگۆ لەسەر نرخەکە بکەن.

ئەوەی نەیهێشت من لەدەرەنجامی گفتوگۆکە تێبگەم هاتنی کچە سودانیەک بوو چەندە ڕەشتاڵە بوو هێندەش جوانیەکەی نەدەشاردەوە بە هاوڕێ سودانیەکەمی وت "ئەوە بۆ ئەو سپی پێستەم پێ ناناسێنیت" ئەو ئەگەرچی ڕەشیەکەی دەچۆوە سەر ڕەنگێکی تاریک، بەڵام باڵا بەرزیی و لێوەکانی کە نیگای دەدزی و جوانیەکی سەیری بەگۆناکانی بەخشیبوو، ئەو ئەگەر کورد بوایە و پێستی سپی بوایە ئێستا ناودارترین کەس دەبوو، دەبووە یەکێک لەژنە فریوودەرە هەڵخەڵەتێنەرەکانی جوانی و ناویشی دەبووە هونەرمەند و هەڵکەوت زاهیر دەیکردە ئەستێرەی گۆرانی کوردی، ئەستێرەیەک کە لە ئەستێرەی لاستیک دەچێت.

کەچی کاتی دەوێت تا خەڵک فێر دەبێت جوانی لە وەهم جیا بکاتەوە. هەر هێندەی
یەکمان ناسی و بەتەنیشتمەوە دانیشت قسەمان کرد لەوەی لە کوردستانەوە هاتوم وتی "ئا ئاگام لێ بوو دەتانویست دەوڵەت دروست بکەن" دواتر بە ئەسپایی پەنجەکانی بەسەر پانتۆلەکەم دەخشاند وتی "شەو کەی دەچیە حەمامەکە" هاوڕێ سودانیەکەم پێکەنی و ووتی "تا ئێستا نەچووە " کچە ووتی "باشتر با خۆم یەکەم کەس بم شەو لەسەعات دە دەرگا شووشەکە بکەوەو لە سێیەم ژووری حەمامەکە خۆت بشۆ, خۆم دێم و هەموو شتێکت بۆ دەکەم" هاورێکەی ووتی "ئەی نرخەکەی" دوای تریقانەوەو پێکەنین بە بڕوابوونێکی خاوەن

کارانەوەو ووتی "تۆ بلێی فێلی لێ بکەین هەر وەک خەڵک هەر دە یۆرۆیە خۆ زیاتری لێ وەرناگرم"

نووسین وەک سێکس لەو ساتە لەتامەزرۆییەک دەچێت بۆ ئەوەی پێی بگەیت و کەشفی دنیای نەزانراو بکەیت، هەرچەند ئەزموونی بکەیت پێویستت بەگەڕانی زیاترە، گەر وانەبێت دوای نووسینی یەکەم کتێب ئیتر واز لەنووسین دێنین، ئیدی ئەوە بۆ سێکس کردنیش هەروایە.

ئەفسوونی ئەو پەیوەندیە بەرەو خۆی پەلکێشی دەکردم، کە لەسەر شاشەی مۆبایلەکەم کات دەبووە دەی شەو خاولیە درێژە قاوەییەکەی لەبازاری حەسیرەکەی کەرکوک کڕیبووم هەڵیدەگرم، تا سێیەم ژووری حەمامەکە ناوەستم کە پەردە لاستیکەکە لادەبەم دەبینم کچە سودانیەکە خۆی  دەشوات.

سەڵامینەوەیەک دەمەوێت بگەڕێمەوە دواوە خاولیەکە ڕادەکێشێت و ڕووت دەبمەوە، ئەو لەنێوان ڕانەکانم تامەزرۆیی خۆی دەخاتە ڕوو بەشێوەیەک ئەو پارچە گۆشتەی ناو ڕانەکانم دەمژێت، ئاگر لەمن دادەگیرسێنێت، هەلیدەستێنمەوە و دەکەوینە ماچکردنی یەکتری وەک ئەوەی دوو عاشق بین بێئاگا لەوەی لەسەر مێزی نانخواردنەکە یەکمان ناسیووە.

ئاگرێک لەمندا دەستەکانی ئەو لەگەڵ بۆری دووشەکە دەکات بەیەک و جەستەی وەک ئامێرێکی مۆسیقی دەژەنم، ئەو کاتە بیرم دێتەوە فەلەستینی و کوردەکە لەسەر شەست یۆرۆکە ڕێک کەوتوونە، ئیدی لەوێ تێدەگەم نەتەوەکان لەسێکسکردن

زمان ناکەنە کێشە، کێشەی زمانی ئێمە هەر لەپەرلەمانی عێراقی گرفتی دەروونی نەخۆشی شەمەرو جبورو خێلە بەدەویەکانی ترە.

ئیدی من خاو دەبمەوەو دە یۆرۆ دەخەمە ناو دەستی کە لەگیرفانی تراکسوتەکە لەسەر تەنافی دەرەوەی ژوورەکە هەلمواسیوە، ئەو دووشێکی خێرا دەکات و بەپێکەنینەوە دەلێت "کورد هەمووی وەک تۆ ئاوا ئاگرن" نازانێت ئێمە ئاین و جەژنیشمان هەر بە ئاگر دەست پێدەکات، دەکەومە خۆشۆرین و جێ پەنجەو مەمکی عەرەبی لەسەر جوگرافیای جەستەی خۆم پاکدەکەمەوە، لەناو بانیۆکە بۆ ماوەیەکی درێژ ڕادەکشێم.

# نامەیەک بۆ یار:

ئەگەرچی بەڵێنم بەدایکم دابوو هیچ نامەیەک بۆ تۆ نەنووسم، بەڵام هەوڵ دەدەم بەناردنی ئەو نامەیە خیانەت لە بەڵێنەکەم نەکەم، هێندەی نهێنی گەلێک لەدڵمدا هەیە، دەمەوێت بۆ دواجار باسیان بکەم وئیدی بێدەنگیان لێبکەم.

بۆ ئەوەی هیچ نەبێت جارێکیتر ئومێدێک لەمندا نەمێنێت پێی بڵێم خەونی عاشقانە، هەڵبەت بەر لەتۆ بەئەزموونی زۆر سەختر تێپەڕیم، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو دەرکەوتنی تۆ لەناو ژیانی من، وەک دەرکەوتنی خۆرێک بوو وەک ئەوەی تۆ

لەکەس نەچیت، بەڵام ئەوە تەنیا وەهمی من بوو، چونکە هەمووتان لەیەک دەچن.

ئێستا تۆش دەتوانی ئەو قسەیەی من بۆ خۆت بەکار بێنیت و بڵێی پیاوەکان هەر دەڵێی هەمووتان کوڕی یەک ژنن و لەیەکتر دەچن.. ئەو یەکتر گوناهبارکردنە ڕێک پێچەوانەی ساتێکە لە عەشقدا یەکێک دەڵێت "بڕۆیت دەمرم" چونکە ئەوە درۆیەکی گەورەیە دەرکەوت کەس دوای کەس نامرێت.

بەبێ یەکتریش ژیان بەردەوامە، بەڵام گرفتەکە لەجۆری لەیەکچوونی مرۆڤەکانە، بۆ من سەیرەکە ئەوەیە تۆ جیاوازی خۆت و ژنەکان بەو ڕادەیە کاڵ بکەیتەوە، دواتر وەک ئەوانیش گوناهەکە بخەیتەوە ئەستۆی من.

ئەو یاریە بۆ من شتێکی تازە نیە زۆری بەر لەتۆ جوانتریش ئەو یاریەیان کرد.. سەیر ئەوەیە تۆ کاتێک یاریەکی وا دەکەیت ئیدی هەست دەکەم چ گەمژەییەکە ژیانت ببەخشیتە عەشقێک ئەویتر بەئاسانی دەستبەرداری بێت، هەموو ئەوەی ناوت دەبرد کە گەر عاشقی تۆم دەبێت قبوڵم بێت کە تۆ خوێنەری نامەکانم بیت، بۆ دەبێت چاوەڕێ بم تۆ شتم بۆ بنووسیت.

ئەو لۆژیکەت هیچ نەبوو جگە لە نەبوونی هەستێک کە بۆ من نەتبوو، کاتێک بیر لەسەرەتای ناسین دەکەمەوە تێدەگەم تۆ منت نەدەویست، بەڵکو ئەو نووسەرەت دەویست کە لەمندایە، کاتێک دەستت گەیشتە سەر گەنجینەی نووسین، نەک وتار کتێبت بۆ نووسرا ئیدی زاڵ بوویت بەسەر حەزێک کە هەتبوو..

دەشێت هیچ شتێک ناوی خۆشەویستی نەبووبێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە پیاوێک کە عاشق بوو وادەزانێت دنیایەکی نوێی دۆزیوەتەوە.

ئێستا کە ئەو نامەیەت پێدەگات هەوڵدە تەنیا جیاوازی من و ئەو پیاوانەی بەر لەمن ناسیانت بخەیتە ڕوو، کەس هەبوو بەخۆشەویستیت ڕازی بێت بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بتبینێت؟ کەس ڕەزامەند بوو پێت بڵێت دەمەوێت پێکەوە بژین بێ ئەوەی بۆ جارێک پیاسەیەک بکەن؟ جگە لەمن تۆ عاشقێکت هەبووە ماچی نەکردبێت؟

گرنگترین پرسیارێک کە پێویستە لە خۆتی بکەیت ئاخۆ هەموو ژیانت پیاوێکت ناسی لەمن گەمژەتر؟ بیر لەوە مەکەوە دوای ئەو نامەیە هیچ بنووسیت یاخود پەیوەندیم پێوە بکەیت، لەمەولا بۆ من عەشق بریتیە لەو ساتەی کە تیای دەژیم، کە ساتەکە تەواو تێدەگەم عەشق تەواو، خۆم ناسووتێنم بۆ کەسێک کە جگە لە ئازاری خۆم هیچیتری تیا نیە، ئێستا تۆش بۆ من وایت ساتێک دەربکەویت ڕەنگە بتوانم ئەو ساتە لەگەڵت بم وناوی بنێم عەشق.

ئاخۆ گەر کەسێک ئەو نامەیەی من ببینێت و پێت بڵێت "ئەوە ئەو پیاوە بە ئەخلاقە بوو دەیویست ببێتە مێردت؟" ئاخۆ بوێری ئەوەت هەیە پێی بڵێی ئەوە من بووم ئەوم وا وێرانکرد؟ وام لێکرد کە هیچ عەشقێک نیە ئەبەدی بێت، ئاخۆ دەتوانی بڵێی هەرچی جوانیەکی ناخی بوو تەفروتونام کرد؟ گەر نەتوانی ئەوە بکەیت بڕۆ حەمام خۆت ڕووتکەوە بۆ چەندین کاژێر

لەپـــێش دووشـــەکە بووەســـتە تـــا بەهـــۆش خـــۆت دێیـــتەوە, لەو خـــوێنە ڕەشە پاکدەبیتەوە، کە خوێنی کوژرانی منە بەدەستی ڕۆحی تۆ.

# ئۆکتۆبەرو ماناکانی شۆرش لەنێوان کەرکوک و مۆسکۆ

**وتارێکی کلارا لە رۆژنامەی گاردیان رۆژی ٢٠١٧/١٢/٢٤ بڵاو کراوەتەوە**

گەڕانەوە بـــــۆ مـــــانگی ئۆکتـــــۆبەر پیـــــاچوونەوەیە بە ماناکـــــانی شـــۆڕش، بـــۆ ئـــێمەی کۆمۆنیســـتانی جیهـــان ئۆکتـــۆبەر ســـەرکەوتنی شۆڕشـــی پرۆلیتاریـــا, کۆتـــایی هـــاتنە بە سیســـتمی ســـەرمایەداری و لەگۆڕنـــانی سیســـتەمی قەیســـەر بـــوو، ئەوە هـــاتنەدی خەونێکـــی مارکســـیانەیە کە لینینـــی ڕابەر دەیهێنێـــتە دی.. کە کۆتـــایی بە چەوســـاندنەوەی مـــرۆڤ بێـــت لەژێـــر ســـایەی سیســـتمی ســـەرمایەداری, هـــاتنە ئـــارای جیهانێـــک بێـــت کە مرۆڤەکـــان تیایـــدا یەکســـان بـــن، بـــۆ ئەوەی ئەو نمـــوونەیە ببێـــتە ســـیمبولێک بـــۆ هەمـــوو دنیا.

یـــادکردنەوەی ئەو ڕۆژە مـــژدەی دنیـــایەکە کە کرێکـــاران و ژنـــان و منـــالان ئـــازاد بـــن و ســـووکایەتیان پـــێ نەکرێـــت, ڕابەرە کۆمۆنیســـتەکەیان گوێیـــان لـــێ بگرێـــت، وەک لە کـــۆمەکە فیکـــریەکەی دوو نـــامەکەی لینـــین بـــۆ کـــلارا خوێنـــدومانەتەوە، بەڵام ئەوە تەنهـــا کێشـــەی ناوەکـــان نـــیە، ڕەنـــگە تـــۆی خـــوێنەر بپرســـیت

ئاخۆ تۆش دەبیت بە کالارا؟ ڕابەری وڵاتەکەت کۆمەکی فیکریت دەکات؟

سەیر نەبێت بەلاتەوە ئەوانەی ئێمە نەک وایان نەکرد، بەڵکو دەستیان لەگەل دوژمنەکەمان تێکەڵ کرد تاوەکو بێن شارەکەمان داگیر بکەن و قەڵاکەمان بڕووخێت، ئەوە لەکاتێکدا ئەو وتارەی من یەکەم وتارە ڕاستەوخۆ دان بەو ڕاستیە دەنێت، رۆشنبیرانی ئێمە بوێری ئەوەیان نیە باس لەوە بکەن چۆن یەکێتیەکان لەو ڕۆژەدا شارەکەیان تەسلیمی حکومەتی عێراق کرد.

ئێستاش خوێنەرانی ئەو وتارەم تووشی ڕاچەنین دەبن، دەکەونە تۆمەتی ئەوەی کە پارتیەکان چەندیان پارە بەمن داوە تا ئەوە بنووسم، بەلام دەمەوێت شتێکتان بیر بێنمەوە، کاتێک پارتیەکان خیانەتی ٣١ ی ئابیان ئەنجامدا هەموومان وتمان خیانەتکارن، تەنانەت من بەهۆی قەسیدە شیعری "بۆننامە" عاشقی شێرکۆ بێکەس بووم.

ئەمڕۆ یەک لەشکر ڕۆشنبیر هەیە وباس لەجیاوازی و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات دەکات، کەچی کەس جورئەت ناکات بلێت یەکێتیەکانیش لە ئۆکتۆبەردا خیانەتیان کرد، لەکاتێکدا ئەوەی ئۆکتۆبەر زۆر مەترسیدارترە، ئەی ڕەگی ئەو بێدەنگیە لەکوێدایە؟ لە ٣١ ئاب پارتی بەعس دێنێتەوە هەولێرو یەکێتیەکان ڕاو دەنێتە ئێران، دوای ئەوە هەولێر تەسلیمی پارتی دەکاتەوە، بەلام لە ئۆکتۆبەر یەکێتیەکان دەرگا لە حکومەتی

عێراق دەکەنەوە, کەرکوکی تەسلیم دەکەن نەک دواتر نایدەنەوە کەس، بەڵکو هەموومانی لێ بێبەش دەکەن.

من یەکێک بووم لەوانەی دوای ڕووداوەکە بە پێنج کەس لاقە کرام.. دڵنیابن کاتێک ئەو ووتارە دەخوێننەوە من کۆتاییم بەژیانی خۆم هێناوە، بەڵام دەمەوێت بپرسم بۆچی ئەوەی لەهەولێر ڕوویدا خیانەت بوو، بەڵام ئەوەی کەرکوک تاکتیکی سیاسیە؟

خۆ ئەوان هەمیشە دەیانووت کەرکوک قەڵای ئێمەیە، کەس گلەییم لێ نەکات کە لەمردنیشم ئاڵای سوور ناسنامەم بێت، چونکە ئۆکتۆبەر بۆ مۆسکۆی کۆمۆنیزم شۆڕش و بەرخودان بوو، بەڵام بۆ ئێوە ئۆکتۆبەر خیانەت و ملکەچکردنتان بوو بۆ دوژمن.

## شانۆنامەکە دەبێت چۆن بێت؟

هەرچەندە بیر لەناوەڕۆکی شانۆنامەکە دەکەمەوە ئەوەی بەلامەوە گرنگە چۆن ئەو ڕووداوە نەکەم بە تۆمارێکی مێژوویی، هێندەی شانۆنامەکە وەک بەمێژووکردن دەربکەوێت، بۆ ئەوەش پێویستم بەوەیە پەیوەندی کارەکتەرەکان نووسینەوەی مێژوویەک بێت کە چۆن ئێمە ناکەوین، بەڵکو ئەوانەی ناو خۆمان دەمانخەن.

بۆ ئەوەش ناکرێت فۆڕمێک بسەپێنین کە هێندەی کێشەی چۆنیەتی دەربرینی زمانی جەستە و بینینی هەبێت، ئەو زمانە دەکرێت لەکاتی پڕۆڤەکاندا دەرهێنەر بەڕووداوی ناو شانۆنامەکەی ببەخشێت، بەڵام بە بڕوای من دەربڕین لەو کارە پێویستی بەوەیە نواندن و زمانی شانۆنامەکە دوور نەبێت لەژیانی کۆمەڵگا.

واتە سادەبوونێک هەبێت وەک ئەوەی بینەر هەست بکات، شانۆکە بەشێکە لەژیانی، ناکرێت بۆ ئەم شانۆنامەیە گرفتی ئەوەمان هەبێت ئاخۆ ئەو شانۆیە دەتوانێت تازەگەری هونەری تیا بخولقێنین، بەڵکو پێویستە سادەبوونەکەی گەڕانەوە بێت بۆ فۆڕمی ئاسان، ئەو فۆڕمە توانای ئەوەی هەبێت تازەگەری پێش خۆی تێکبشکێنێت، وا بکات لەم ڕێگایەوە بابەت لەشانۆ دوور نەخاتەوە، ئەوە نەک لەبەر ئەوەی من نووسەری شانۆنامەکەم، بەڵکو ئیستا کە ئەو تێبینیانە بۆ شانۆنامەکە دەنووسم مەبەستم بەشداریکردنە لە گۆڕانکاریەکی شانۆیی.

ئێوە خۆتان ئەکتەرن و ئەوەی ئێستا دەیلێم باش دەیزانن وتێیدەگەن، کاتێک جەنگی جیهانی سەری هەڵدا، مرۆڤ لەشانۆکان بێزاربوو ئەوە زمانی یۆژین یۆنسکۆ و ساموئیل بیکیت بوو شانۆیەکی نوێی هێنایە دی، لەچاوەروانی گۆدۆ چی بوو جگە لەشکاندنی فۆڕمی باوی شانۆ؟ کە لەڕاستیدا وێنەیەکی ڕاستەقینەی مرۆڤی ئەو ڕۆژگارە بوو، هەر چەندە وێنەیەکی داڕوخان و بێئومێدیەک بوو کە پێی وتن گوتاری ئومێد تەنیا خۆ فریودانە، یاخود ئەو بێزاریەی گەنجانی

بەریتانیا لەبەرامبەر حزب و ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکانیان دۆخێک ڕێک لەئێستای ژیانی کوردستان دەچێت، کەچی جۆن ئۆزبۆرن هات شانۆنامەی "بەتوڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە" ی تیا نووسی.
پێموایە ئێستا مەبەستەکەم ڕوون بێت، کەبۆچی خوازیارم دەستبەرداری فۆڕمی نوێ بین وەک ئەوەی بەنوێی تێدەگەین، نوێبوونمان با زادەی دۆخە کولتووریی و کۆمەڵایەتیەکەمان بێت، بۆ ئەوەی شانۆ دانەبڕین لەکۆمەڵگا.

هەرگیز ئەوە بەو مانایە نیە شانۆی ئاست نزم نمایش بکەین، بەپێچەوانەوە هەمیشە دەبێت شانۆی ئاست باڵا بەرهەم بێنین تا بتوانین بەشداری لەهۆشیاری کۆمەڵایەتی بکەین، ڕەخنەش لەو هۆشیاریە سیاسیە بگرین کە ئاوا ڕووبەرووی نائومێدی کردینەوە، هەوڵدەن بە ووردی بیر لەوە بکەنەوە کە دەیلێم، دڵنیام ئێوە دنیابینی فراوانترتان هەیە و دەتوانن لەکاتی خوێندنەوەی شانۆنامەکە و پرۆڤەکردن فۆڕمەکە بدۆزنەوە.

## کچە سودانیەکە چیرۆکێک دەنووسێت:

کەسمان نەمانزانی چیرۆکی کچە سودانیەکە چۆن لەناو کەمپ بلاو بۆوە، بەلام دیار بوو لەسەر مۆبایل نوسیبووی، بە ماسنجەری فەیس بوک بۆ زۆربەی هاوڕێکانی ناردبوو.. وای لێهات ئەوەی کچە سودانیەکەشی نەدەناسی هاوڕییەکیتری بە ماسنجەر چیرۆکەکەی بۆ ناردبوو.

ئیدی هەموو لەناو چێشتخانەکەی کەمپ لە کچە ڕەش پێستەکان ورد دەبوونەوە تا بزانن کامە کچە ئەو چیرۆکەی نووسیوە، بەڵام دوای ئەو چیرۆکە تەنانەت منیش ئەو کچەم نەبینیەوە، تاکە هەواڵێکیشی تەنیا ئەوە بوو کورە سودانیەکەی ژوورەکەمان پێی ووتم "کچی حەمامەکە ئێرەی جێهێشت و ئیقامەی بۆ دەرچووە وتی خەمی نەبێت مناڵەکەی وەک چاوەکانم دەپارێزم"

مناڵەکەم؟ منالی چی؟

تا ئەو کاتە من چیرۆکەکەم نەخوێندبووە، ئەوە هانیدام بۆ خوێندنەوەی، دوای نانی نیوەرۆ لەچێشتخانەکە داوای چیرۆکەکەم کرد، بە پێکەنینەوە پێنج کەس مۆبایلی دەرکرد وابزانم سیانیان بۆیان ناردم، ئەو کوردانەی کەمپ کە عەرەبیان نەدەزانی داوایان لێکردم بۆیان بکەمە کوردی.

منیش ووتم "لامە هێشتا نەمخوێندۆتەوە، بەلام بۆ هێندەتان بەلاوە گرنگە بیخوێننەوە" ئەو کچەی لەگەل فەلەستینیەکە جیاوازی بیست یۆرۆیان هەبوو بەهەڵچوونەوە ووتی "دەلێن ئەو قەحپە قولە ڕەشە باسی شەرەفی کوردی کردوە, وەعد بێت وابێت قاچ بخەمە ناوگەڵی وهەڵیزڕێنم"

بەهۆی ئەوەی دەمزانی ئەو لێرە نەماوە، بۆیە داواکەیانم قبول کرد و چیرۆکەکەم بۆکردنە کوردی، ڕۆژی دواتر لەنانی ئێوارە بە ڤایبەر بۆم ناردن، هەموو دەستێکیان بەو مرەبا بچوکەوە بوو دەستێکیان بە مۆبایلەوە، تا کورە سلێمانیەکە کە خوای

نوکتە بوو ڕێک دەڵێی سالار ماهیری هاوڕێم بوو هەلسایەوە سەر پێ و بەدەنگ کەوتە خوێندنەوەی چیرۆکەکە

"لە باشوری سودان لەدایک بووم خاکێک باران وایکرد سەوزایی دایپۆشێت.. بەختم هەبوو کچی باکور نەبووم تا بیابان ڕۆحم ووشک بکات، نە خەرتومیم نە باکوری کچی باشوری سودانم، خۆشم نازانم بە چ ئازارێک گەیشتومەتە ئەو کەمپە، بەلام چەندین ولات و یەخت و سنورمان بڕیووە تا لەم کەمپە جێگامان کراوەتەوە.

بۆ ئەوەی ژەمە خواردنێک نەخۆین و دوو سەعات بەپێ بڕۆین تا بگەینە سوپەر مارکێت، هەندێک شەربەت و پسکیت و کەمێک وێسکی بخۆین پێویستمان بە دە یۆرۆ دەبێت، نازانم کێ بیرۆکەی ئەوەی دانا لەم کەمپە کوڕەکان سواری خۆمان بکەین بە دە یۆرۆ، بیرۆکەیەک کە بیستم لەسەرەتادا مردم هێندەی پێبکەنم.

لەسودان نرخەکەی زۆر گرانتر بوو.. لێرە خراپ سووک بووینە، یەکەمجار کچە مەغریبییەکی ژورەکەمان شتەکەی هێندە ئاسان گێرایەوە حەزت دەکرد ڕۆژی سەد یۆرۆ کۆ بکەیتەوە، دە پیاو بەریتە ئەو حەمامە تا ئەو کاتەی کورە کوردێکم ناسی، هێندە تامەزرۆ بوو نەیدەویست بەتاڵ بێتەوە، ئەو ئازارەکانی خۆی بە عەشق دەگواستەوە بۆ من، هەر هێندەی چی شەهوەتی هەبوو ڕژاندیە ناوم تێگەیشتم ئەو بۆ هەمیشە لەناوم دەمێنێتەوە.

که دوشێکی خێرام کرد، ئەوم جێبێشت نەچوومە سوپەر مارکێت، بەئاسودەیی هاتمە ناو نوێنەکەم کچە مەغرییبیەکە ووتی "چیە بۆ وا دلخۆشی" زۆر بێ شەرم ووتم "کوردێک عاشقانە سوارم بوو هەر دەلێی خۆشەویستی یەکتر بووین هەستی قەحپەی پێم نەبەخشی" تاوێک بێدەنگ بووم هەستم بە جولەیەک لەخۆمدا دەکرد.

ئیدی تێگەیشتم کوردێک لە خوێنمایەو لەگەل یەکەم سات ئاوس بووم بەو، سەرەتا دەمووت گەر هەستەکەم ڕاست بێت مناڵەکەم لەبار دەبەم، ڕۆژەکان تێپەڕین و ئەوسا زانیمان کە ئیقامە وەردەگرین، بۆ ئێمەی خۆرهەلاتی بوونی مناڵێک لەسەگێک گرنگترە کە تەنیاییت بکوژێت، ئەوسا زانیم ئەو ژنە کوردەی بەهەشتا یۆرۆ شەوێک لای فەلەستینیەکە دەمایەوە.. ئەویش مناڵێک دێنێتە دنیا.. منالێک ڕەنگە ببێتە تیرۆریست لەداهاتوو یان دوور نیە ببێتە گۆرانیبیژێک و تەواوی گۆرانیەکانی نازم غەزالی بکاتە ئەڵمانی.

لەو رۆژەوە تێگەیشتم منالێک بۆ ئیقامە زۆر گرنگە، بوونی منالێک واتە تۆ مانگانە ٣٦٠ یۆرۆ دەچێتە سەر حیسابەکەت، واتە بەهۆی منالی کابرای کوردەوە ساڵانە چوارهەزارو سێ سەد و بیست یۆرۆ دەچێتە سەر حیسابەکەمان، ئیدی لەو کولە مەرگەش دەربازمان دەبێت بەتایبەت کە لێرە دەچمە دەرەوە ئیدی ژیانێکی نوێ چاوەڕێمە، نامەیەک بۆ دایکم دەنووسم "شووم بە پیاوێکی کورد کردوەو منالێکیشم لێی هەیە" خۆ ئەو لەکوێ دەزانێت پێکەوە ناژین، ئیدی دایکمیش نیگەرانی من

نابێت, سالانەش شتێکی بۆ دەنێرمەوە, داوام لە ژنانی کەمپە منداڵە دە یۆرۆییەکان خێرو بەرەکەتن نەکەن لەباریان بەرن, لەلایەک غەزەبی خوداتان بەسەر دەبارێت، چونکە تاوانی کوشتنە، لەلایەکیتریش دەرگای خێرو بەرەکەت بەڕووتان دەکرێتەوە.

## دۆزینەوەی دەستنووسێکی شێرکۆ بێکەس:

لەڕۆژانی خۆ کۆکردنەوەم بوو بۆ سەفەرەکەم کاتێک بڕیارمدا بەیەکجاری کەرکوک بەجێ بێلم، ئەو دەمە لەناو کتێبخانەکەدا بەدوای هەندێک نووسین و نامە و ئەدرەس دەگەڕام لەپڕ لەنێو دیوانی "دەربەندی پەپوولە" ی شێرکۆ بێکەس دوو نووسین سەرنجیان ڕاکێشام، یەکەمیان بە قەلەمێکی سۆفتی سەوز شاعیرەکە نووسیبووی "بۆ کلارای شیعر کلارای پەپوولەی ناو دەربەند"

ئەوە هەژانێکی سەیر بوو بۆ من، یانی پەیوەندی کلارا بە شێرکۆ بەو ڕادەیە بوو؟ خۆ ناشێت خۆشەویستی بوو بێت؟ ئەوان چۆن یەکتریان ناسیووە؟ بلێی کلارا کە دەچووە سلێمانی و دەیووت بۆ لای مەهتابی هاوڕێم دەچم و شەو لەلای ئەو دەمێنمەوە لەلای شێرکۆ بووبێت؟

ئەوە چ هەستی ناخۆشی برایەکە بۆ خوشکەکەی کە ڕووبەرووی دەبێتەوە، ئەو هەستە زیادی دەکرد کاتێک دەمبینی

نامەیەکی شێرکۆ بێکەس لەناو دیوانەکە دانراوەو نووسیویەتی "عیشقی تۆ خاتوو زینم کلارا تێکستێکی نوێم پێ دەنووسێتەوە، گەرچی خراپی تەندروستیم ناتوانن ڕێم لێبگرن، چۆن دەکرێت تۆم هەبێت دیوانێک بۆ کەرکوک نەنووسم.. مەستورەی شیعرم ئێستا دەستم کردووە بە سەرەتاکەی، بەلام لەپاکنوسکردنی پێکەوە دادەنیشین، سەرەتاکەی کە بەنامەیەک بۆت دەنێرم لای خۆت بیپارێزە ئەوسا دەینووسینەوە"

مووچرکێک بەگیانم دێت و هیچ شتێک بەر لەسەفەر ئاسایی نابێت بۆ من.. هەموو دیوانەکانی شێرکۆ بێکەس لە کتێبخانەکە دێنمە دەرەوە لەناو ناملیکەی "ئافات" نامەیەکی شاعیر هەیە نووسیویەتی "کلارای شیعرم دیوانە نوێییەکەم ناوناوە "یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی، ببورە ئەمرۆ ژوورەکەم لەدەزگای سەردەم بەهۆی برادەران قەرەبالغ بوو دەشمزانی تۆ پەلەتە بۆیە ئەو چەند دێرەم وا نووسی, دەیخەمە ناو ئەو زەرفەی گوایە تۆ بۆچوونی منت لەسەر شیعری بەیاتی بۆ توێژینەوەی زانکۆت دەوێت، بۆیە ئێستا کە ئەو زەرفەت دەدەمێ بەلاتەوە سەیرە کەباسی بەیاتی دەکەم، دەزانم جگە لە ڕەوف بێگەرد کەس لەو بەزمە کە ڕەوف بە چەم ناوی دەبات تێناگات بێخەمبە"

ئیدی شتێک نیە جگە لەگەڕان بەناو دیوانەکانی شێرکۆ تا بگەم بە نهێنی زیاتر لەناو "دوو سروودی کێوی" و "بۆننامە" هیچ شتێک نیە کەچی لە ناو لاپەڕەکانی "گۆڕستانی چراکان" دەستنووسی سەرەتای شیعری "یادەوەری پاسکیلێکی

کەرکـــــوکی" دەدۆزمەوە کە دەبـــــوو بکــــــرێتە پێشـــــەکی دیـــــوانە شیعریەکە

**وای لە ئەللا وەیسیێ دەمهێنێتە کەرکوک**

**بەسەر پشتی پاسکیلێکەوە کۆلانەو کۆلانی ڕەحیماوە دەکەین**

**لەڕێ عەلی مەردان دەبینین تۆ بۆ شۆخی چاوێکی لێ دادەگریت**

**تۆ لەدواوە باوەشت لەمنداوە دەستی سلاو بۆ لەتیف حامد بەرز دەکەی**

**لەسەر پردی خاسە بەرەو لای کتێبخانەی گشتی دەڕۆین**

**بەسەید ئەحمەدی خانەقا دەڵێی شێرکۆ بێکەس دەبێتە کەرکوکی**

دەبێـــــت ئەوە چیرۆکـــــی چ عەشـــــقێک بێـــــت بەو شـــــێوەیە ئەو دوانەی ســـــووتاندبێت، دەچـــــمە ســـــەر دیـــــوانە چـــــاپکراوەکە، ئەو پێشـــــەکیەی تیـــــــا نـــــــادۆزمەوە، بەڵام لەلاپەڕەی یەکەم کە هەمیشـــــــە شـــــــێرکۆ دیوانەکـــــانی پێشکەشـــــی کـــــلارا دەکـــــرد لەوەیـــــان چـــــونکە شـــــێرکۆ مردبـــــوو هەڵـــــۆی کـــــوڕی ئەو شـــــیعرە نـــــاتەواوەی بـــــاوکی تەواو دەکات و چاپی دەکات.

بـــۆیە لەو لاپەڕە ســـپیەدا نـــامەیەکی کـــلارا بـــۆ شـــێرکۆ نووســـراوە "شـــێرکۆی مـــن کـــاکە مەم پـــێم بلـــێ ئێســـتا زینـــی تـــۆ چیبکـــات؟ لەم مـــردنە خێـــرا وەرەوە خـــۆت دەتـــووت کە مـــردم دێـــمەوە.. دەی وەک خـــۆت وتـــت ئیـــدی بـــۆ نەیەیـــتەوە، مـــن زۆر تـــوڕەم هەڵـــۆ بەبـــێ پرســـــکردن بەمـــــن چـــــووە ئەو شـــــیعرەی زیـــــادکردووە, بەبـــــێ پێشـــــەکیەکەی لای مـــــنە چاپیشـــــی کـــــردووە، مـــــن دانەیەکـــــم لێـــــی

کرپیـــــووه لەگەل ئەو نـــــامەیە دەیپـــــارێزم تـــــا تـــــۆ لەم مـــــردنە دەگەرێیـــــتەوە, دەچیـــــنەوە ســـــەر پێشـــــەکیەکە وکۆتاییەکەشـــــی تەواو دەکەیـــــت، ئەو قســـــە خراپـــــانەی هەڵـــــۆ بەنـــــاوی شـــــیعر تۆمـــــاری کـــــردوون هەمـــــووی دەدرێنیـــــت, بەوێـــــنەی خـــــۆم وخـــــۆت لە ڕەحیمـــــاوە لەســـــەر پاســـــکیل دەیگـــــرین بەرگەکەشـــــی دەڕازێنیـــــنەوە، تخوا زوو وەرەوە زۆرت بیر ئەکەم"

# لە گەلەریەکەی حەمە هاشم بووم:

ئەوە ئەو ترســـــە بـــــوو کە هـــــاتە دی، ڕۆژێـــــک دیپـــــۆرت بکـــــرێمەوە، ئەوســـــا نەک دەگەڕێـــــمەوە خـــــاڵی ســـــفر، بەڵکـــــو پەساپۆرتەکەشـــــم مـــــۆرێکی لـــــێ دەدرێـــــت تـــــا ســـــێ ســـــاڵیتر بـــــۆم نـــــیە بەلای ئەوروپاشـــــدا بـــــێمەوە، تەنیـــــا بـــــۆم هەیە بچـــــمە ئێـــــران و تورکیـــــا، ئیـــــدی وەک جارانی لێهاتەوە.

ئێـــــواران حەمە هاشـــــم دەهـــــاتەوە دوام.. دەچـــــووین پیاســـــەی نـــــاو مۆڵەکانمـــــان دەکـــــرد، وەک هەمیشـــــە دەســـــورانەوەو ئەمشـــــەویش ووتی "ئەرێ چیت هەیە مەڕۆوە وەرە دەچینە لای من"

لەوێ بـــــووین لەخـــــوارەوە ســـــەیری یـــــاری کلاســـــیکۆی ڕیـــــال مەدریـــــد و بەرشـــــەلۆنەم دەکـــــرد، دوای تەواو بـــــوونی یـــــاریەکە چـــــوومە گەلەریەکەی حەمە کە لەژووری ســـــەرەوە بـــــوو دیـــــار بـــــوو تـــــابلۆیەکی تـــــازەی کێشـــــابوو.

پیاوێک بە خودەیەکی سەربازی و شۆرتێکی سەوزو کراسی لەبەر نەبوو ڕووت دەینواند.

حەمە ووتی "ها بابە دیسان دۆڕاندتان" بەدەم ئەو قسەیە لە گەلەریەکە چووە دەرەوە هەستم دەکرد فیگوری ئەو تابلۆ نوێیەی دەناسم، بەڵام نەمدەزانی لەکوێ دیومە.. سەیری ئەو ١٠٠ تابلۆ نوێیەم دەکرد کە بەقەبارەی بچووک دروستی کردوون، لەپڕ ماسیەکان لەتابلۆکە دەهاتنە دەرەوەو ژوورەکە پڕ دەبوو لەئاو.

لەولاوەش شەپۆلی ئاوەکان ساردیەکی پێدەبەخشیم، هەرلە قەرەوێلەی کەمپ هەستم پێی کردبوو، نیگام دەرۆیشتە سەر تابلۆی مۆنالیزا کە چەندین ساڵ پێش ئێستا کێشابووی. رۆژێک وتم "داڤنشی ئەوە بەخەیاڵی کێ درووست کراوە" بیرمە ئێوارەیەکی باراناوی بوو باسی لەوە کرد مۆنالیزا لەدایکی دەچێت بۆیە کێشاویەتی، ئەوسا هەستمکرد ئێمە کورگەلێکی سەیرین هەمیشە بەدوای ئەو ژنانە دەگەڕێین لەجوانی و میهرەبانی بچنەوە سەر دایکمان، بۆیە کە دەستمان ناکەون واز لەژنەکان دێنین.

لەبڕی تاوانی کوشتنی باوک پڕ دەبین لە ئیرەیی لەبەرامبەر باوک کە ئەو خاوەنی ژنێکی باش و میهرەبانە کە ئیدی ئێمە لەو ژنانە نادۆزینەوە.

کابرای ناو تابلۆکە کە ڕەشتاڵەیەکی خودە لەسەری شۆرت لەبەری نیمچە ڕووت بوو لەناو تابلۆکە دەستی دەکرد بە

جولەکردن ترسێک لێم نیشت، بەڵام لەهەمان کات هەستمدەکرد خەو دەمباتەوە لەبەر خۆم دەمووت تا شێتیش نەبوومە با بخەوم، کەچی کابرا لەچوارچێوەکە نەدەماو دەهاتە دەرەوە، منیش پڕ بەدەنگم هاوارمدەکرد "حەمە کورە حەمە فریا کەوە کابرای ناو تابلۆکە هاتە دەرەوە"

حەمە هاشم فریام نەدەکەوت، کابرا خۆی تێک نەدەدا و شانەکانمی دەگرت و دەیووت "بۆ هاوار ئەکەیت چیتە سەعات حەوتی بەیانیە" کە چاوم دەکردەوە هاوڕێ سودانیەکە شانەکانمی گرتبوو منیش ووتم "تۆ لەوێ بوویت لەناو تابلۆکە" ئەویش تێنەدەگەیشت ووتم "باشتر کەسمان لەگەلەریەکە نەبووین هەر لەم کەمپەین هێشتا ئومێدمان ماوە بۆ ژیان"

# شانۆنامەی "لەسەر تەرمی کلارادا"

شوێن بریتیە لە گۆڕستانێک لەناوەڕاستی گۆڕەکاندا کەژاوەیەکی سپی کە لەژێر زەوی تیشکێک ڕوناکی بە گۆڕستانەکە دەبەخشێت، سێ شاژنی ئەفسانەی گریکی هاتوون بەدیار گۆڕەکەوە دانیشتوون، مۆسیقای ترسناک دەڕەوێتەوە، گوێبیستی مۆسیقایەک دەبین کە پڕە لە توڕەیی لەوە دەچێت ئەوە مۆسیقای قەدەری بتهۆڤن بێت، یاخود مۆسیقارەکانیش لەو ناوە کۆنسێرتێک بۆ ئەم ماتەمە ساز بکەن.

ئەنتیگۆنا: شەڕی من لەسەر ناشتنی تەرمێک بوو

جۆکاستا: بەڵام ئەنتیگۆنا ئێستا ئەو تەرمە نێژراوە

ئەلیکترا: سەیرکەن ئەو ڕوناکی جەستەی لەژێر خاکدا دێتە دەرەوە

جۆکاستا: تۆ وکلارا لەیەک دەچن

ئەلیکترا: نا ئەو لەمن قارەمانتر بوو ئەو خەمی عەرشی نەبوو کۆتایی بەخۆی هێنا, مردنێک ژیا کە وەک نەمریی بمێنێتەوە

ئەنتیگۆنا: خەمگین مەبە ئازیزم تۆش جگە لەبریاری هاوسەرگیریی و ڕاکردن چارەیەکیترت نەبوو

"دەنگی مۆسیقاکە نزیک دەبێتەوە، ئەوان هەڵدەستنەوە سەر پێ نوێژی مردووی لەسەر ساز دەکەن، لەلای ڕاستی شانۆ ڕوناکی دەکەوێتە سەر گەلەرییەکی شێوەکاری،  سێ نیگار کێش وێنە دەکێشن کە بریتین لە پیکاسۆ و سلڤادۆر دالی و شاگال هەر یەک لەوان بەدەم وێنە کێشانەوە قسە دەکەن"

شاگال: وەک هەمیشە دەمەوێت لەتابلۆکاندا عاشقەکان لەئاسمان بن، خەریکی کێشانی تابلۆیەکم لە ئاسماندا کلارا و شێرکۆ بێکەس بە پاسکیلێکی ئەفسانەیی بەناو هەورەکان تێدەپەڕن، سەر لە ئاسمانی کەرکوک دەدەنەوە

پیکاسۆ: دەمەوێت تەکعیبیانە نیگاری ئەو خانمە بکێشم کە دڕندەکانی بیابان چی لەڕۆحی دەکەن

سلڤادۆر دالی: وێنەی قەڵاکەی ئەم شارە دەکێشمەوە، سەرکردە سەربازیەکانی قوپاون کە میز دەکەن ڕەنگی سوور دەر دەدەن کاتژمێری دەستی کلارا گوڵێکی ژاکاوە

" لەو کاتەی هەر یەک لەشێوەکارەکان قسە دەکەن ژنانی گریک لەڕێگەی نواندنەوە بەرجەستەی تابلۆکان دەکەن.. دواتر دەبنە پیانۆیەکی درێژ و سێ نیگار کێشەکە دەبنە سێ پیانۆژەن تورەو سەرمەستانە دەژەنن

بتهۆڤن: مردن بێهۆشیە لەناو دەنگدا دەبێت ئەم مۆسیقایە تا ئاوابوونی تریفەی مانگ لەشەودا بەردەوام بێت لە کازێوەشدا باوەش بۆ چۆپین بکاتەوە

"ئاسمان تاریک داهاتووە, بتهۆڤن مۆسیقای تریفەی مانگ دەژەنێت, لە کلیلی کۆتایی ئاماژە بۆ چۆپین دەکات تا دەست بە ژەنین بکات، چۆپین لەرێگەی مۆسیقایەکی ڕۆمانتیکی کە لەبنەرەتدا بۆ عەشقی ژنە رۆمانوس جۆرج ساندی داناوە دەیژەنێت و بەدەم ژەنینەوە دەڵێت"

چۆپین: ئیدی ئەوە ناو دەنێم سەمفۆنیای عیشقی کلارا تا ژەنینی سەمایەک کە باوەش بە سەقاقوشی چایکۆڤسکی بکاتەوە

"چۆپین بەجوولەی دەستەکانی ئاماژە بۆ سەقاقوشی چایکۆڤسکی دەکات، چایکۆڤسکیش دەکەوێتە ژەنینی مۆسیقای سەقاقوش و ژنە گریکیەکان کە بوونە بە پیانۆ دەستەکانیان گوزارشت لەسەمای مۆسیقاکە دەکات، وەک ئەوەی ببنە

باڵندەکان و لەپڕ وێنەی پیانۆکە تێکدەشکێنن، وەک سێ باڵندە سەما دەکەن بانگی چۆپین و بتهۆڤن دەکەن کە بەشداری لەوێنە شانۆکەیان بکەن، چایکۆڤسکی بەسەر گۆڕی کلارا پیانۆ دەژەنێت، ئەوانیتریش سەمای سەقاقوش بۆ کلارای سەقاقوش ساز دەکەن"

## لەچاوەڕوانی وەرگرتنی ئیقامەدا:

لەکۆتاییدا شانۆنامەکەم تەواو کرد و بە ماسنجەر ناردم بۆ هاوڕێ شانۆکارەکانی کەرکوک، ئەوەی بیستم لێیان ئەمڕۆ دەستیان بە خوێندنەوەی کردووە، بڕیاریش وایە سبەینێ گفتوگۆ لەسەر تێبینیەکانم بکەن و ڕۆژانی دواتریش بکەونە پڕۆڤەکردن.

یەکێک لەناخۆشترین هەستەکان ئەوەیە چەندە پەلەی تەواوکردنم بوو، هێندەش تامەزرۆی ئەوەم خۆم لە پڕۆڤەکان ئامادە بوومایە، هەر هیچ نەبێت ڕۆژی نمایش نووسین و بیرۆکەکانم لەسەر تەختەی شانۆ وەک ژیان و هونەری زیندوو ببینیبوایە.

بمبینیبوایە چۆن لەڕێگەی شانۆوە کلارا دێنمەوە ناو ژیان.. بەداخەوە من لە هەموو ئەمانە بێبەش بووم.. نەک هەر بێبەش، بەڵکو ئەوە دوو ڕۆژە لەم کەمپە هێندە بێزارم نازانم چیدەکەم، چونکە ڕۆژانی پێشوو بیرکردنەوە لە ڕابردوو لەوەی ڕوویداو

نووسینی شانۆنامەکە هەموو کاتیان داگیر کردبووم، ئێستا هیچ شتێک نیە بیری لێ بکەمەوە، جگە لە بیرکردنەوەیەکی فلادیمێریانە بۆ لەچاوەروانی گۆدۆ کە گۆدۆی من بۆتە وەرگرتنی ئیقامە.

دەزانم هەموو ئێوارەیەک لەژێر درەختی ئەم ژوورە مناڵێکی خەیاڵی دێت و دەڵێت "ببورە ئەمشەو بەرێز گۆدۆ نایەت" ئەوە مانای وایە ڕۆژێکیتریش بەخەونی هاتنی گۆدۆ زیاد دەکات.. ئیدی دەبێت بیر لەرێگا چارەیەک بکەمەوە بۆ ئەم چاوەڕوانیە، چونکە کە نووسین کۆتایی هات هیچ شتێک نیە جێی بگرێتەوە.. ئەوەی هەیە تەنیا خۆکوشتنە.. یا سبەی ئێوارە بەر لەتاریک بوونی باخەکە لەودیو پەنجەرەکە پێش ئەوەی مناڵەکە بێت دێرە نووسراوەکەی شانۆنامەکەی بیکیت دووبارە بکاتەوە، پێویست دەکات بە قەیتانی پێڵاوەکەم خۆم بخنکێنم، یا ئەوەتا چیتر بیر لەوە نەکەمەوە کەی لێرە دەربازم دەبێت و ژیانێکی باشتر دەژیم.

بۆ ئەوەی بیر لەکاری واش نەکەمەوە باشترین کارێک ئەوەیە خەیاڵم کۆ بکەمەوە دەست بکەمەوە بەنووسین، ڕەنگە نووسینی ڕۆمانێک لەبارەی سێکس و نوسەرانی کورد و حیکایەتەکانیان بیرۆکەیەکی خراپ نەبێت، دەتوانێ چەند مانگێکیتر بەخۆیەوە خەریکم بکات، تاوەکو نەزانم رۆژەکانی ئەو ماوەیە چۆن تێدەپەڕێت.

# کلارا دەگەڕێتەوە ماڵەوە:

دەساڵ بەسەر ژیانی کەمپەکە تێپەڕی، ئێستا کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە ڕۆژانێک ساڵێکی تەواوی خایاند، خەیاڵم بۆ ئەوە دەچێت کتێبێک بنووسم بەناوی "دەساڵ لە خۆرئاوا" لەوێوە دەست پێبکەم کە شانۆنامەکەم تەواو کرد.

ڕۆژانێک بوو پەناهەندەیەکی زۆر لەوێ دەرچوون و زۆری نوێ بۆ ئەوێ هاتن، لەژوورەکەی ئێمە تەنیا من و کوڕە سودانیەکە مابووینەوە، ئێمەش داوایەکمان پێشکەشی ژووری ژمارە سێ کرد کە ژووری سکالاکردن بوو.

ئەوانیش داواکەمانیان قبووڵکرد و ژوورێکی دوو قەرەوێڵەییان پێداین کە دۆلابێکی دوو دەرگا ودەستشۆرو پەنجەرەیەکی تیابوو، ئیدی ساڵێکی تەواومان لەو ژوورە تەواو کرد، دوو مانگی کۆتایی بەر لەدەرچوون لە کەمپ هەستێکی سەیر دایگرتبووم لەلایەک دادگا کرابووم و بریاربوو لەنزیکترین دەرفەت ئیقامە وەربگرم، ئەوەیتریش پەیوەندی بەو کوڕە سودانیەوە هەبوو کە لەژوورەوە شەوێکیان تەلەفۆنی دەکرد لەپڕ ووتی "کەسێک لەسەر تەلەفۆنەکەیە دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات"

مۆبایلەکەم لێی وەرگرت وبەعەرەبی قسەم لەگەڵیکرد، خانمێک بوو تێگەیشتم خانمی دە یۆرۆی حەمامەکە بوو، خانمەکە زۆر دڵشاد بوو بەپێکەنینەوە ووتی"تۆ ئێستا بوویت بە باوک..

کچێکی جوانت لەمن هەیە، کەی ڕێت کەوتە بەرلین دەتوانی بێیتە سەردانم و کچەکەمان ببینیت"

قورگی تاساوی من لەنێوان پێکەنین وگریان شتێکی نەبوو بیڵێت، ئەو لەشوێنی منیش قسەی دەکرد و لەپڕ ووتی تۆ کچێکت بەمن بەخشی، بەڵام مافی باوکایەتیتە ناوی تۆ هەلبگرێت، بۆیە کۆپیەکی پەساپۆرتەکەت بنێرە تا ناسنامەی ئەڵمانی بۆ دەربکەم"

وەک ئەوەی شتێکی گرنگی بیر چوو بێت، لەپڕ ووتی "ئا ناوەکەشی تۆ لێی بنێ با ناوێکی عەرەبی نەبێت ناوێکی سەرنج ڕاکێش بێت، منیش بێ سێ دوو وتم ناوی بنێ کلارا، ئەویش خێرا پەسندی کرد.. کاتێک ناسنامەی بۆ کلارا دەرکرد، وێنەیەکی بە ڤایبەر بۆ ناردم من تازە چووبومە خانووی خۆم، هەڵبەت ئەو خانووە نەبوو، من باسی دە ساڵ پێش ئێستا دەکەم لەو ماوەیە سێ جار خانووم گۆڕیووە.

بیرکردنەوە لەو سالانەی دەرەوەی کەمپ، سەرەتای بیرکردنەوەی بوو لە نووسینەوەی یادداشتەکانی، کە بڕیار وابوو بەشێکی لە ڕۆژنامەی "زیوت دۆیچە چایتۆنگ" بلاو بکاتەوە، کە ئەوە چەندین ساڵە وەک ڕۆژنامەنووسێک لەوێ کار دەکات، جۆری کارەکەی وایکردبوو کاتێکی زۆر لەسەر لاپتۆپ بمێنێتەوە، پەیوەندی زۆری لەگەڵ پەناهەندە وخەڵکی جیاوازی نەتەوەکان درووست بکات.. ئەوەی هەرگیز بیری لێی نەکردەوە ژیانی هاوسەری بوو.

کەچی پەیوەندی فراوانی لەگەڵ ژنی نەتەوە جیاواز درووست دەکرد، سەرەتا بەهۆی تویتەرەوە ژنێکی برازیلی ناسی کە خەڵکی ساوپاولۆ بوو ماوەیەک بوو لەهاوسەرەکەی جیا ببۆوە ناوی ئیدنا بوو.

ئیدنا مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو لە برازیل، زۆر خێرا پەیوەندیەکەیان لەناسینی تویتی تویتەر بوو بە پەیوەندی خۆشەویستی، زۆربەی کات بە کامێرای چات لەشەودا قسەیان بۆ یەکتر دەکرد.

ئەوەی هەرگیز بیری لێ نەکردبۆوە لەو پەیوەندیە ڕووبەرووی بۆوە، لەگەڵ ئیدنا وێنەی ڕوتی خۆیان بۆ یەکتر دەنارد، هەندێک شەویش لەپێش کامێراکە خۆیان ڕووت دەکردەوە دەستپەڕیان بەسەر یەکەوە دەکرد.

تا سەرەنجام پێشنیاری بۆیکرد کە هەفتەیەک بێتە سەردانی و لە ئەڵمانیا پێکەوە بن. بێ سێ و دوو داواکەی قبوڵ کرا. پێنج مانگ بەر لەئێستا ئیدنا هاتە سەردانی و دە ڕۆژ پێکەوە ژیان، گرفتەکەش ئەوە بوو کەسیان زمانی یەکتریان نەدەزانی، ئەگەر پێشتر بەهۆی وەرگێرانی گۆگڵ قسەیان دەکرد، ئەو هەفتەیە تەنیا لەرێگەی ئاماژە و دەستبردن بۆ یەکتری زمانی گفتوگۆیان خوڵقاندبوو.

هەرچەندە ئەوەی بۆ ئەوان لەو پەیوەندیە گرنگ بوو، خوڵقاندنی کەشێکی عاشقانە و ڕۆمانتیکیانە بوو.. دەچوونە پیاسە، بەڕۆژ خەریکی گەڕان بوون ئێوارانیش خۆیان بە

شەمەندەفەرەکە دەکرد و هەر هێندەی دەگەیشتنەوە ماڵەوە دەکەوتنە خواردنەوەو سەماکردن.

فریا نەدەکەوتن بچنە ژووری نووستن هەر بەسەر قەنەفە پەمەییەکە کاڵەکەوە قاچەکانی بەرز دەکردەوە و بە پەلە ئەویش دەرپێ کورتەکەی فڕێ دەدا, خەریکی یەکتر دەبوون.

دوای سەعاتێک خۆیان بە حەمامەکە دەکرد، لەناو بانیۆکە چەندین سەعات وێسکیان دەخواردەوەو یەکتریان لەباوەش دەگرت. هەموو کۆتاییەک لە تەواو بوونی پێکەکە ئیدنا هەوڵی دەدا دوا جورعەی لەنێو ڕانەکانی ئەو بخوات ئەوەندەی لە ئاوێکی سپی دەخوارد و ئەوەی تریش سەر بانیۆکە دەکەوت.

خۆشم نەمزانی ئەو هەفتەیە چۆن تەواو بوو، کاتێک زانی نامەوێت ژیانی هاوسەری لەگەڵ دروست بکەم ئازارێکی زۆری چەشت و دایە پرمەی گریان، بەڵام کاتێک لەوە تێگەیشت مەرگی کلارا ئازارێکە ناکرێت خانەوادەکەم کە هەرگیز ڕەنگی ڕەشیان فڕێ نەدا ئێستا ببیستین من زەماوەند دەکەم.

ئەوە هێمنی کردەوە، دوو هەفتە بەر لەئیستا ئاگاداری کردمەوە کە شووی بە پیاوێکی پرتوگالی کردووەو ژیانێکی خۆش پێکەوە دەژین.. هەوڵیدەدا تەواوی نهێنیەکانی پەیوەندیەکەی بنووسێتەوە، لەڕێگەی ڕەوانبێژیەکی ئەدەبیەوە کە نەچێتەوە سەر یادداشت، بۆ ئەوە نمونەی بە یادداشتەکانی منالی کاروان عومەر کاکەسوور دەهێنایەوە کە یادداشت وەک ڕۆمان دەرکەوتووە.

ئەوە پاساوی ئەو بوو کە زیاتر بەرەو لای ئەدەبیات بڕوات. بەتایبەت کە مەیلێکی زۆری بەلای رۆمانەکانی د. هـ لۆرانس بوو، بۆیە دەیویست وێنەیەکی تری لۆرانس بگوازێتەوە، هەمیشەش بەدوای پاساوی کارەکەی دەگەڕا، بەر لەوەی کۆتایی بە چیرۆکی ماڵئاوایی ئیدنا بێنێت، لە یادداشتەکانیدا ئاوا باسی دوا بەیانی پێکەوە بوون دەکات کەدەبوو دوای لەخەو هەڵسان نان بخۆن و بۆ دوانزەو نیو لە فرۆکەخانە بن.

چاومان دەکردەوە لەناو نوێنەکە هەردووکمان لەیەکمان دەڕوانی، ئەو پەنجەکانی دەدا لەڕووخسارم.. پەنجەکانیم گرت و ماچم کرد.. دەستیم گرت و هەڵمساند تا دوام بکەوێت لەبەردەم دووشی حەمامەکە خۆمان بینییەوە.. کەوتبوومە نێوان ڕانەکانی.. بیری یاداشتەکانی ژنەکەی لۆرانس م کەوتەوە کە دەڵێت "زۆربەی کات لۆرانس وەک بەراز سوارم دەبوو"

سەرم بەرز کردەوە ووتم "ئیدنا دەمەوێت بۆ ماڵئاوایی وەک بەراز سوارت بم" ئەو هیچ لە کوردی من حاڵی نەبوو، بەڵام دەرفەتی تێگەیشتنیم نەدا و سوڕاندم و تەواوی پشتی کەوتە باوەشمەوە، ئازارێک کە بریتی بوو لە چێژ و ئازار دەستم بەناو قژیدا دەگێڕا، پشتیم ماچ دەکرد ودەستم بۆ مەمکەکانی درێژ دەکرد.. تا هەرچی ئاگرێک هەبوو بۆ ماڵئاوایی لە دۆستە برازیلیەکەم خامۆشم کرد.

رۆیشتنی ئەو چەند رۆژێک کەلێنی تەنیایی لەمندا خولقاند تا ئیدی وای لێهات چەندین پەیوەندی جیاواز بکەوێتە ژیانم، بەتایبەت لەکاتی کاری رۆژنامەنوسیم، زۆر ژنی جیاوازم ناسی

کە لەڕووی زمان کێشەیان دەبوو پەیوەندیم درووست دەبوو، هەندێکیان لەگەڵم بۆ ماوەیەک لە ماڵەکەم دەمانەوە کە ژنی ڕووس و فارس و عەرەب و تورکی تیا بوو، تا دوو هەفتە بەر لەئێستا هەواڵی مەرگی ژنە سودانیەکە تووشی حەپەسانی کردم، بۆ یەکەمجار خانمێک تەلەفۆنی بۆ کردم لەگەڵ ناوەکەی حەپەساندمی.

من کلارام کچی تۆم هەڵبەت تۆ دەیزانی.. چەند ڕۆژێکە دایکم مردووە.. ئیدی بڕیارمداوە بێمەوە لای تۆ گەر قبوڵت بێت کچەکەت وەربگریتەوە، ئەوە چ حەپەسانێکە کە گوێم لێیگرت بوێریەکەی دایکی ڕەحمەتیم بیر هاتەوە.. کە بێ شەرم لە کافتریاکەی کەمپ ویستی بمناسێت وەهەموو شتێکی ووت، کچەکەشی مەبەستم کچەکەشمان وەک دایکی قسەی کرد.

پێم ووت "کچم من باوکتم وەک دایکت بۆی باس کردی، بۆت هەیە کەی پێت خۆش بوو وەک باوک و کچ لە ماڵەکە پێکەوە بژین.. باشە کلاراکەم"

ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە ئیدی کلارا دێتەوە ناو ژیان و دەگەڕێتەوە ماڵەوە، کە هات تەلەفۆن بۆ دایکم دەکەم دەڵێم کلارا گەڕاوەتەوە، ئیستا لەگەڵ من ئەم ئێوارەیە کتێبخانەکە پاکدەکەینەوە, ئێوەش کراسە ڕەشەکانتان فڕێ بدەن تا خاکفرۆشانی ئۆکتۆبەریش وەک ڕسواترین سیاسی سەر ئەم ئەستێرەیە بمێننەوە.